| Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.6.5

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Mohammed Ahmed Hasan
Mohammed.hasan@su.edu.krd

# ناسنامە و جیاوازی، بە نموونەی چەند ڕۆمانێکی کوردی

**محمد احمد حسن/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە/شەقلاوە،زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**هاوکار قادر رسول**/ بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، عێراق

RECEIVED :19 /12/2024
ACCEPTED :04/03/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**
ناسنامە،
جیاوازی،
ڕۆمانی کوردی،
کارەکتەر،
پەناهەندە

## پوختە

ناسنامە و جیاوازی دوو چەمکن کار لەبارەی دەرخستنی ناسنامە و جیاوازی کارەکتەر دەکەن، ئاخۆ کارەکتەر کاتێک بەر ناسنامە و کولتووری تر دەکەوێت، چۆن خۆی دەنوێنێت. ئەم توێژینەوەی ئێمە کارکردنە لەبارەی کارەکتەری پەناهەندە، واتە ئەو ڕۆمانە کوردییانەی باس لە پەناهەندەیی دەکەن، لێرەدا وەک نموونە وەرگیراون. ئاشکرایە کارەکتەری پەناهەندە بەردەوام دەیەوێت پارێزگاری لە ناسنامەی خۆی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک بەر ناسنامەی جیاوازی ئەوی تر دەکەوێت، ئەوا ناسنامەی خۆی دەسەلمێنێت. ئەو سەلماندن و نواندنەوەیە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بێت.

ئەم توێژینەوەیە کار لەبارەی نواندنەوەی کارەکتەری پەناهەندە دەکات، بەتایبەتی لە ڕۆمانی کوردیدا. کارەکتەری پەناهەندە لەناو فەزایەکی جیاواز هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە خۆی ون نەکات. کەواتە گرفتی سەرەکی لەم توێژینەوەیە، گرفتی ناسنامەیە، چونکە ناسنامە دەبێتە خاڵی جیاوازی لە نێوان کارەکتەری پەناهەندە و ئەوانی تر. هەر لەو ڕێگەیەوە ئێمە دەمانەوێت ململانێی نێوان کارەکتەری پەناهەندە و ئەوی تر دەربخەین، بۆئەوەی ناسنامەی هەردوو لایان بخەینەڕوو.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

تاکەکانی هەر نەتەوەیەک وەک ئەندامێک لەنێو کۆمەڵی خۆیان دەبنە هەڵگری هەمان ناسنامەی نەتەوە و کۆمەڵی خۆیان. لە بەرانبەر دا جیاوازی ئاماژەیە بۆ ئەو شێوازەی کە دوو شت یان زیاتر لە یەکتر جیا دەکەنەوە. دەتوانرێت لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا جێبەجێ بکرێت، لە لایەنی فیزیکییەوە تا دەگاتە کۆمەڵایەتی و فەلسەفی. زۆرجار تێگەیشتن لە جیاوازی بریتییە لە بەراوردکردنی توخمەکان بۆ ئەوەی تیشک بخەیتە سەر ئەوەی کە چی جیایان دەکاتەوە. بەواتایەکی تر جیاوازی ئاماژەیە بۆ ئەو جیاوازییانەی کە مرۆڤەکان یان گروپەکان لە یەکتر جیا دەکەنەوە. ئەم جیاکارییانە دەتوانن لەسەر بنەمای نیشانەدەری ناسنامە وەک ڕەگەز، کولتوور، یان تایبەتمەندییەکانی دیکە بن. بەڵام زۆرجار جیاوازی لە ڕێگەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکان بە دەسەڵاتەوە بونیات دەنرێت و جەختی لەسەر دەکرێتەوە.

**ناونیشانی توێژینەوە:** بریتییە لە (ناسنامە و جیاوازی لە ڕۆمانی کوردیدا) هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردنی ناسنامە و جیاوازی کە بەشێکی گرنگی ڕۆمانی کوردییان پێکهێناوە. ئێمە لێرەدا تەنها ئەو ڕۆمانانەمان وەرگرتووە، کە تیایدا باس لە کارەکتەری پەناهەندە دەکەن. لەو توێژینەوەیەدا باسمان لەوە کردووە، کاتێک پەناهەندەیەک لە ڕۆژئاوا دەگیرسێتەوە چۆن خۆی دەنوێنێتەوە، چۆن دژایەتی ئەو کولتوور و ئەو ژینگە نوێیە و ژیانە تازەی وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکات.

**گرفتی توێژینەوە:** لەو توێژبنەوەیەدا دەمانەوێت توێژینەوە لە هەندێک کێشەی ڕەخنەیی و کولتووری بکەین. لەوانە ڕۆمانی کوردی چۆن گرفتی ناسنامەی تاکی پەناهەندەی لە تاراوگە خستووەتەڕوو. ڕۆمانی کوردی چۆن مامەڵەی لەگەڵ دیاردەی ئەدەبی تاراوگە و پەناهەندەیی وەک دیاردەیەکی سیاسی، ئابووری و کولتووری کردووە.

لەڕێی ئەم توێژینەوەیە دەمانەوێت ئەو چوارچێوەیە تێ بپەڕێنین، کە بەردەوام زمان و ناوەوەی دەقی ڕۆمان دەکەنە چەقی بەرهەمهێنانی واتا، بەڵکو دەمانەوێت پەیوەستی بکەینەوە بەو بابەتە کولتوورییانەی مرۆڤی سەردەم هاوکات دەرگایەکی نوێش بەسەر چەمکی کارەکتەری پەناهەندە بکەینەوە.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕەخنەی کولتووریمان بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی کاریگەرییە کولتوورییەکانی پشت پێکهاتە جوانکارییەکانی دەق ئاشکرا بکەین.

**ناوەڕۆکی توێژینەوە:** جگە لە پوختە و پێشەکی، توێژینەوەکە بریتییە لە دوو بەش، بەشی یەکەم باسمان لە هەردوو چەمکی ناسنامە و جیاوازی کردووە. لە بەشی دووەمدا لەناو ڕۆمانی کوردیدا نواندنەوەی کارەکتەری پەناهەندەمان لەڕووی ناسنامە و جیاوازییەوە خستووەتەڕوو. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان خراونەتەڕوو.

## 1- زاراوە و چەمکی ناسنامە

زاراوەی ناسنامە بە زمانی ئینگلیزی Identity)) پێ دەگوترێت و لە زمانی فارسی (شناس) و لە زمانی عەرەبی (الهویة) بۆ بەکاردەهێنرێت. لە زمانی کوردیدا لە بەرانبەر زاراوەی (ناسنامە) لەلایەن توێژەرانەوە چەندین زاراوەی جیاواز بەکارهاتووە لەوانە: (هەویە، شوناس، شناس، ناسا، پێناس)، کە هەموو ئەوانە بۆ گوزارشتکردن لە یەک واتا و مەبەست بەکاردەهێنرێت.

لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا (ناسنامە) واتا (پێناساندن یان وەسفکردن) (موکریانی، ١٣٧٦: ٨٥٣)

ناسنامە لە ((وشەی (Identitas)هاتووە کە بە واتای "لێکچوون" دێت. واتا ئەو پەیوەندییەیە، کە شتێک تەنها لە خۆیدا هەڵیگرتووە))( Audi, 1999: 415)، واتە ناسنامە بریتییە لە کۆی ئەو سیفەت و تایبەتمەندییە جەوهەرییانەی کە مرۆڤ دەکاتە هاوشێوەی خۆی.

هەرچەندە وەک وشە، ناسنامە مێژووییەکی کۆنی هەیە، بەڵام ناسنامە وەک چەمکێکی فەلسەفی و کۆمەڵناسیی بە بڕوای فرانسیس فۆکۆیاما پێی وایە، دەستەواژەی ناسنامە ((لە ساڵانی پەنجای سەدەی بیستەم لەلایەن (ئیریک ئیریکسۆن) وەک چەمکێکی تازە بەکارهاتووە ))( فۆکۆیاما، ٢٠١٩: ٢٩)

ناسنامە چەمکێکی فرەلایەنە و دەتوانرێت لە چوارچێوەی جیاوازدا تێیبگەین. ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ ئەو تایبەتمەندییە ناوازانەی کە شتێک، یان کەسێک دەکەنە ئەوەی کە هەیەتی. لەلایەکی دیکەوە ناسنامە چەمکێکی ئاڵۆزە و لەگەڵ ئەوەشدا هەڵگری ڕەهەند و پێوەری جیاوازە، کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی بوونی تاکێک یان گروپێک لەخۆ دەگرێت، لەوانە توخمە کەسیی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، بۆ نموونە هەموو کەس خاوەنی ناسنامەیەکە وەک تاک، هاوکات خاوەن ناسنامەیەکە وەک ئەندامێک لەناو گروپێکدا.

ناسنامەی هەر نەتەوەیەک گوزارشتە لە زمان، کولتوور، دابونەریت، هونەر، ئایین، خواردن، جلوبەرگ، ئارەزوو و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی... هتد. تاکەکانی هەر نەتەوەیەکیش وەک ئەندامێک لەنێو کۆمەڵی خۆیان دەبنە هەڵگری هەمان ناسنامەی نەتەوە و کۆمەڵی خۆیان

ناسنامە کۆمەڵێک سیفات و تایبەتمەندیی و بیروباوەڕ و ...هتد، کە گروپێک یان نەتەوەیەک لە یەکێکی دیکە جیا دەکاتەوە. بە واتایەکی دیکە ناسنامە هێندێک لە تایبەتمەندی و خاسیەت و پەیوەندییەکانە کە تاک، گروپ، یان بوونەکان پێناسە دەکەن و جیایان دەکەنەوە. ناسنامە ئەو شتەیە، کە پێناسەی تایبەتمەندی بوونێک جا بە واتای فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، یان کەسی بێت.

ناسنامە ئاماژەیە بۆ ئەو تایبەتمەندی و ئەزموونە جۆراوجۆرانەی کە پێناسەی مرۆڤ کێیە؟ دەکەن. سیفەتە کەسییەکانی وەک (کەسایەتی و بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژیا و ..هتد) و ناسنامە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (ڕەگەز، کولتوور، ئایین و چین) لەخۆدەگرێت. کەواتە دەتوانین ناسنامە ڕەهەندێکی ناوەوەیی هەیە (چۆن خۆمان دەبینین) و ڕەهەندێکی فۆرمیی هەیە (ئەوانی دیکە چۆن لێمان دەڕوانن و هەستمان پێدەکەن).

## 2- زاراوە و چەمکی جیاوازی

جیاوازی ئاماژەیە بۆ ئەو شێوازەی، کە دوو شت یان زیاتر لە یەکتر جیا دەکەنەوە. دەتوانرێت لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا جێبەجێ بکرێت، لە لایەنی فیزیکییەوە تا دەگاتە کۆمەڵایەتی و فەلسەفی. زۆرجار تێگەیشتن لە جیاوازی بریتییە لە بەراوردکردنی توخمەکان بۆ ئەوەی تیشک بخەیتە سەر ئەوەی کە چی جیایان دەکاتەوە.

جیاوازی ڕۆڵێکی سەرەکی لە چۆنیەتی پێکهێنانی ناسنامەی مرۆڤەکان یان شتەکان دەگێڕێت. زۆرجار شتێک بەو شێوەیە دەناسرێتەوە، کە چۆن جیاوازە لە شتەکانی تر. بۆ نموونە ئێمە ناسنامەی کەسێک دەناسین بە تێبینیکردنی هەم سیفەتە ناوازەکانی و هەم تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی لەگەڵ کەسانی دیکە، بۆ ئەوەی تێبینی جیاوازییەک بکەین، دەبێت هەندێک بنەمای بنەڕەتی هەبێت بۆ بەراوردکردن، لەبەرئەوەی جیاوازی ناسنامە ((بە بنەمایەکی هەرە گرنگ و سەرەکی بنیاتنانی ناسنامە دەزانین ، کە بە بۆچوونی ئێمە جیا لە دەرخستنی جیاوازی نەتەوەیەک لەگەڵ نەتەوەیەک تردا هەر بەو شێوەیەش دەتوانین بە بەراوردکردنی دوو شاعیر یان ئەدەبی دوو شاعیری دوو قۆناغی جیاواز ، یان ئەدەبی دوو نەتەوەی جیاواز، بەهۆی جیاوازی (تاک، کۆمەڵ، نەتەوە)کان تایبەتمەندییەکانمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە جیاوازی یارمەتی دەردەبێت لە گەڕان و دۆزینەوەی ئەوی تر)) (عەلیزدە، ١٣٩٤: ٨٠)، کەواتە جیاوازی چەمکێکی جەوهەرییە بۆ تێگەیشتن لە دەوروبەر و ئەوی تر و جیهان، تیشک دەخاتە سەر جۆراوجۆری و تایبەتمەندی لە هەموو شتێکدا لە ژمارەوە تا کولتوورە مرۆییەکان. یارمەتی پێناسەکردنی پەیوەندییەکان و ناسنامە و زانین دەدات، بە نیشاندانی ئەوەی کە چۆن شتەکان لە یەکتر جیا دەبنەوە.

جیاوازی لە ناسنامەدا ئاماژەیە بۆ ئەو شێوازە جیاوازانەی کە تاکەکان یان گروپەکان خۆیان لەوانی تر جیا دەکەنەوە، چونکە ناسنامە ((لە هەناوی جیاوازیدا سازدەکرێت، نەک لە دەرەوەی جیاوازیدا))(ئەحمەد زادە، ٢٠١٢: ٢٤٧). واتە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک هۆکاری بەرفراوان کە لە قاڵبی دەدەن. ئەم جیاوازییانە دەتوانن لە چەندین ڕەهەنددا دەربکەون، لە تایبەتمەندییە کەسییەکانەوە، تا دەگاتە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و کولتووری و مێژوویی.

هەروەها جیاوازی لە ناسنامەدا دەتوانێت هەستکردن بە سەربەخۆیی لەناو هەندێک گروپدا پەروەردە بکات، بەڵام ڕەنگە ببێتە هۆی دوورخستنەوە یان پەراوێزخستن لە گروپەکانی دیکەدا.

جیاوازیی ناسنامە هەندێک جار دەتوانێت ببێتە هۆی ململانێی کۆمەڵایەتی یان سیاسی، بەمەش دەتوانن کۆمەڵەکان دەوڵەمەند بکەن بە پێشخستنی هەمەجۆریی و داهێنان و تێگەیشتن. واتە فرەچەشنی کۆمەڵایەتی دەتوانێت کولتوورێکی دەوڵەمەندتر و دینامیکیتر بهێنێتە کایەوە. ناسنامە ئەوەندەی کار ((بۆ تایبەتمەندێتی و جیاوازییەکان دەکات هێندە بۆ هاوبەشی و لە یەکتر چوونەکان کار ناکات، چونکە کاری بنەڕەتی و سەرەکی ناسنامە ئەوەیە کۆمەڵێکی دیاریکراو و دەستنیشانکراو لەنێو کۆمەڵەکانی تر جیا بکاتەوە))(قادر علی، ٢٠٠٨: ٢٣)
ناسنامە و جیاوازی بە قووڵی بەیەکترەوە گرێدراون، چونکە زۆرجار خۆمان پێناسە دەکەین نەک تەنها بەو پێیەی کە کێین، بەڵکو بەو شێوەیەی کە چۆن جیاوازیمان لەگەڵ ئەوانی تردا هەیە. ناسینی جیاوازی یارمەتیدەرە لە داڕشتنی هەستی ناسنامەمان. بە واتایەکی دیکە ناسنامە بەپێی جۆری وەڵامدانەوەی بۆ ئەو جیاوازییانەی کە ناسنامەی ئەوی تر پیشانی دەدات دەگۆڕێت، جا ناسنامەی ((نەتەوەیی بێت یان هی تر هەمیشە پێویستی بە جیاوازی هەیە، بە بێ جیاوازی دروست نابێت.))(احمد، ٢٠٢٠: ١٢١)، زۆرجار ناسنامە بە جیاکردنەوەی خۆی لە کەسانی دیکە پەرەی پێ دەدرێت. بە ناسینی ئەوەی کە چۆن جیاوازین لەوانی تر، واتە ئێمە بەهۆی جیاوازییەکانەوە دەتوانین تاکەکانی یەک نەتەوە یان دوو نەتەوە بناسینەوە و لەیەکتری جیایان بکەینەوە. بەواتایەکی دیکە ((هیچ زمان و کولتوورێک شک نابەین لە نێوان خۆی و ئەوی تردا، ئێمە و ئەواندا جیاوازی دروست نەکردبێت))( عەلیزدە، ١٣٩٤: ٧٠). کەواتە جیاوازی ناسنامە ئاماژەیە بۆ ئەو شێوازە جۆراوجۆرانەی کە مرۆڤەکان لە یەکتر جیا دەبنەوە، زۆرجار بەهۆی هۆکارە کۆمەڵایەتی، کولتووری، دەروونی و کەسییەکانەوە لە قاڵب دەدرێن. ئەم جیاوازییانە کۆمەڵێک لایەنی بەرفراوان لەخۆ دەگرن، کە بەشدارن لە هەستی مرۆڤ بە خود و چۆنیەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهاندا.
ناسنامە و جیاوازی گرنگن بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دەسەڵات و ئەو شێوازانەی مرۆڤەکان بەهۆیەوە ئەزموونی جیهان دەکەن. لە کاتێکدا ناسنامە هەستی سەربەخۆیی و خودپێناسەیی بە تاکەکان دەبەخشێت، جیاوازی تیشک دەخاتە سەر ئەو گۆڕانکاری و نایەکسانیانەی کە لە نێوان گروپەکاندا هەن، زۆرجار لەلایەن پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە قاڵب دەدرێن، کە کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی پەیوەندی مرۆڤەکان بە یەکتر و لەگەڵ کۆمەڵدا هەیە.
داننان بە جیاوازییەکانی ناسنامە لە پەروەردەکردنی هەمەجۆریی و گشتگیری و تێگەیشتن لەناو کۆمەڵگاندا زۆر گرنگە. واتە گرنگی جیاوازی بۆ ناسنامە لەوەدایە کە تاک و گروپەکان زۆرجار لە پێوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا خۆیان پێناسە دەکەن. لێرەدا جیاوازی بنەمایەکی بەهێزە، تا مرۆڤەکان تێبگەن، کە کێن و هەستی سەربەخۆیی لەلایەن دروست دەبێت.
پەیوەندی ناسنامە بە ئەدەبەوە لە ئەدەبی کوردیدا پرسێکی گرنگ و جێی بایەخ بووە. هەر لە سەردەمە دێرینەکانەوە، پرسی ناسنامە لە بەرهەمی شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورددا ڕەنگی داوەتەوە، شاعیران لە ڕێی بەرهەمەکانیانەوە هەوڵی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی، کولتووری و ئەدەبییان داوە، بەو هۆیەشەوە ویستوویانە جیاوازی لەگەڵ ئەدەب و ناسنامەی نەتەوەکانی دیکە دەربخەن. ئەگەر بمانەوێت لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا نموونەیەکی دیار بۆ پرسی ناسنامەی نەتەوەیی بهێنینەوە، ئەحمەدی خانی کاتێک مەم و زین دەنووسێت، یەکێک لە ئامانجەکانی ئەوە بووە، ناسنامەی نەتەوەیی کورد بپارێزێت. هاوکات نیشانی بدات زمان وەک ناسنامەیەک توانای نووسینی داستانێکی وەها بەرزی هەیە.
ئەدەب بەگشتی بەو پرسیارانە سەرقاڵ بووە، کە پەیوەندییان بە ناسنامەوە هەیە. بەرهەمە ئەدەبییەکان ڕاشکاوانە و بە ئاشکرایی گەڵاڵەی وەڵامیان بۆ ئەم پرسیارە داڕشتووە، ئەدەبی گێڕانەوە بەتایبەتی شوێن پێی بەسەرهاتی ئەو کەسایەتییانە هەڵدەگرێت، کە خەریکن خۆیان پێناسە دەکەن و لە سۆنگەی ئاوێتەکاری جۆراوجۆری ڕابردوویان ئەو شتانەی هەڵیان دەبژێرن و ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی کە کاریگەرییان لەسەریان هەیە. ڕۆمان وەک ژانرێکی گێڕانەوە، یەکێکە لەو هونەرانەی بەهۆیەوە ڕۆماننووس دەتوانێت لە ڕێیەوە ناسنامە بە هەموو فۆرمەکانییەوە بنوێنێتەوە. خوێنەر دەتوانێت ناسنامەی خۆی بیربکەوێتەوە، ئەویش بە خۆدۆزینەوە لە بەرگی یەکێک لە کارەکتەرەکان. ئەم پەیوەندییەی نێوان ڕۆمان و ناسنامە و جیاوازی وروژێنەری چەند پرسیارێکن بۆ ئەوەی لە درێژەی توێژینەوەکەمان وەڵامیان بدەینەوە. ئایا ڕۆمان دەتوانێت نواندنەوە بۆ ناسنامە بکات؟ یان ڕۆمان توانای دروستکردنی ناسنامەی هەیە؟ یان ئایا

ڕۆمان فاکتەر و پاڵنەرێکی بەهێز و وزەبەخشە بۆ خوڵقاندن و دۆزینەوەی ناسنامە؟ یان ئەو هێزانە چین کە ڕۆمان پشتی پێ دەبەستێت بۆ خوڵقاندنی ناسنامە؟ یان ئایا ڕۆمان دەتوانێت جیاوازی و لێکچوونی ناسانامەی تاک و نەتەوەکان بخاتەڕوو؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تریش ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. لەبەر ئەوەی پرسی ناسنامە ((هەر تەنیا پرسێکی ڕووتی بێ ڕەهەند نییە، بەڵکو پرسیارێکە بە پێی شوێنگە و ساتەوەختی جیاجیاوە دیاریکراوە و ئاست و چۆنیەتی و تایبتمەندییەتی خۆی هەیە))(ڕامان، ٢٠٠٠: ٣٠٨).

بنەماکانی ناسنامە پەیوەندی بە ڕۆمانەوە هەیە، هەریەک لە توخمەکانی وەک (( کەسێتی و شوێن و کات بە توخمە سەرەکییەکانی ئەم ژانرە دادەنرێن و بێ بوونی ئەوانە ئەو ژانرانەی پێوەستن بە هونەری گێڕانەوە هیچ مانایان نابێت، واتە ئەم توخمانە توخمی هاوبەشن لە نێوان ڕۆمان و ناسنامەدا ڕۆڵی بەجێ و کاریگەریان هەیە لە سازاندنی ڕۆمان و ناسنامەدا))(قادر علی، ٢٠٠٨: ٢١). بۆ نموونە دەتوانین کارەکتەر بکەینە هێمای ناسنامەی ڕەگەزی، ئیتنی، ئایینی و ئەو ناسنامەیە لە ڕەفتار و قسەکانیدا بنوێنرێتەوە. شوێن بە هەمان شێوە بە هۆی ناوهێنانییەوە دەرخەری جیاوازی بێت. بۆ نموونە ئەگەر باس لە بازاڕێکی وەک بازاڕی قەیسەری شاری هەولێر بکرێت، لەوێدا دەبێت ناسنامەی نەتەوەیی وەک کورد و تورکمان نیشان بدرێت. هاوکات ئەگەر کاتی گێڕانەوەکە سەرەتای سەدەی بیست بێت، ئەوا دەتوانین ناسنامە و جیاوازی ئایینی لەو بازاڕەدا نیشان بدەین، وەک: موسڵمان، جوو و مەسیحی.

زۆرجار ئەدەب وەک ئاوێنەیەک کار دەکات، کە ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزییەکانی ناسنامەی تاک و کۆیە. فەزای گەڕان و دەربڕین و تێگەیشتن پێشکەش دەکات. لێرەدا چەند لایەنێکی سەرەکی پەیوەندیی نێوان ( ناسنامە و ئەدەب) دەخەینەڕوو:

1. گەڕان بەدوای خود دا: نووسەر و خوێنەران لە ڕێی ئەدەبەوە لەڕێگەی دەتوانن بە دوای ناسنامەی خۆیاندا بگەڕێن و دەریببڕن. تێڕوانینێک سەبارەت بە ئەزموون و بیروباوەڕ و بەها کەسییەکانیان دروست دەبێت. نووسەر و خوێنەران لە ڕێگەی کارەکتەر و گێڕانەوەکانەوە دەتوانن قووڵ ببنەوە بۆ لایەنەکانی ناسنامەی خۆیان و ناسنامەی ئەوانی دیکە.

2. نواندنەوە و فرەچەشنی: ئەدەب وەک سەکۆیەک بۆ دەنگ و ئەزموونە جۆراوجۆرەکان کار دەکات. نواندنەوە بۆ ناسنامەی جۆراوجۆری کولتووری، نەتەوەیی، ڕەگەزی و کۆمەڵایەتی دەکات. یارمەتیدەرە بۆ فراوانکردنی تێگەیشتنی خوێنەران لە دیدگا جیاوازەکان.

3. دروستبوونی ناسنامە بەهۆی ئەدەبەوە: ئەدەب دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەستی ناسنامەی خوێنەر هەبێت. خوێنەران لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ کارەکتەر و چیرۆکەکانەوە، ڕەنگە بیر لە ناسنامەی خۆیان بکەنەوە و نۆرمەکانی کۆمەڵ بخەنە ژێر پرسیارەوە و تێگەیشتنێکی قووڵتر لە خۆیان و ئەوانی دیکە پەرە پێ بدەن.

4. ناوکۆیی کولتووری و مێژوویی: زۆرجار ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئەو دەوروبەرە کولتووری و مێژووییانەیە، کە تێیدا نووسراوە. تێڕوانینێک بۆ ناسنامەی تاک و پێکهاتەکان لە چوارچێوەی ئەو ناوکۆییانە دەرەخسێنێت.

5. ئەدەب دەتوانێت بەدواداچوون بۆ بەریەککەوتنی ناسنامەکان بکات. واتە لێکۆڵینەوە لەوە بکات کە چۆن لایەنە جۆراوجۆرەکانی وەک ڕەگەز، چین، سێکس و زیاتر کارلێک دەکەن و کاریگەرییان لەسەر یەکتری دەبێت.

٦. ئەدەب دەتوانێت ئامرازێکی بەهێز بێت، بۆ بەهێزکردن گروپە پەراوێزخراوەکان، ئەوان دەتوانن بە هۆی ئەدەبەوە ناسنامەکەیان پیشانی ئەوانی تر بدەن و پارێزگاری لێ بکەن. بۆ نموونە

کەواتە ناسنامە کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانمان هەیە. بەشێکی دانەبڕاوە لە خۆشگوزەرانی و کارکردنی گشتیمان. ناسنامەی کەسیی، مرۆڤ بە شێوە و ناو و تایبەتمەندی و نەتەوە و تەمەن و ...هتد دەناسێتەوە. ناسنامەی بەکۆمەڵ (نەتەوەیی) ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندییە هاوبەشە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵێک کەس، کە لە گروپەکانی دیکە جیایان دەکەنەوە. ئەندامانی ئەو گروپە لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکاندا هاوشێوەن، کە وەک گروپێک پێکیانهێناون، ڕەنگە لە توخمەکانی دیکەدا جیاواز بن، بەڵام کاریگەرییان لەسەر گروپ بوونیان نییە.

### 3- ڕەنگدانەوەی ناسنامە و جیاوازی لە ڕۆمانی کوردیدا

لێرەدا باس لەو پرسە گرنگانە دەکەین، کە دەبن بە ناسنامە، بەڵام لە ڕێگەی جیاوازییەوە. واتە کارەکتەری پەناهەندە لەو ڕێیەوە دەیەوێت پارێزگاری لە ناسنامەی خۆی بکات، چونکە نایەوێت ناسنامەکەی بکەوێتە ژێر جڵەوگیری ناسنامەی ئەوانی دیکەوە. لەسەر ناسنامە و جیاوازی کارەکتەری پەناهەندە لە ڕۆمانی کوردی دەوەستین و بنەما جیاوازەکانی ناسنامە دەخەینەڕوو. کە ئەمانە گرنگترینییانن.

### 3-1جیاوازیی کولتووریی و کۆمەڵایەتیی لە ناسنامەدا

ئەم جۆرە لە جیاوازییە ئاماژەیە بۆ گۆڕانکارییەکانی بیروباوەڕ و بەها و دابونەریتی نێوان کۆمەڵ یان گروپە جیاوازەکان. جیاوازییە کولتوورییەکان دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر چۆنیەتی پەیوەندیکردنی مرۆڤەکان و کارلێککردن و هەستکردن بە جیهان.

لەناو میللەتەکانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و کورد بە تایبەتی، زۆر گرنگی بە لایەنی بەهای کولتووریی و کۆمەڵایەتیی دەدرێت. تەنانەت زۆرجار لە بابەتە ئاینییەکانیش بە پیرۆزتر سەیری دەکات. کولتوور کاریگەرییەکی بەهێزی بەسەر تاکەوە هەیە. لە ڕەفتار و بیرکردنەوەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، بەواتایەکی دیکە کولتوور ((تایبەتمەندی گروپێکی تایبەتە و کەس بە گەورەبوون لە نێوان ئەم گروپە ئەم تایبەتمەندییانە وەردەگرێت و لە ناوخۆیدا هەڵیدەگرێت و دەیگوێزێتەوە))(ڕەحمانی، ٢٠٢٠: ٥).

ئەگەر سەرنج بدەین لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)دا دوو کارەکتەری پەناهەندەی سەرەکی تێدایە، کە هەریەکەیان بە شێوازێکی جیاواز بیردەکەنەوە و خۆیان دەنوێنێتەوە، ئەوانیش هەڵاڵە و شێرزادن، هەڵاڵە پەناهەندەیەکی کوردە و بە کولتووری ڕۆژئاوا سەرسامە و لەناو کولتووری ئەواندا تواوەتەوە. هەموو جۆرە ڕەفتار و بیرکردنەوە و یاسایەکی ئەوانی بە لاوە باش و پەسەندە. لە بەرانبەردا (شێرزاد)یش پەناهەندەیەکی کوردە، بەپێچەوانەی هەڵاڵەوە نایەوێت لەناو کولتووری ڕۆژئاواییدا بتوێتەوە، بەڵکو دەیەوێت پارێزگاری لە کولتووری وڵاتەکەی خۆی بکات و گوێ نادات بە کولتوورە نوێیەکە(ئەوروپییەکە). واتە وا خۆی دەنوێنێتەوە، کە ئەو نوێنەری کۆمەڵەکەی خۆیەتی، بۆیە هەموو بیرکردنەوە و ڕەفتار و یاساکانی ڕۆژئاوا ڕەت دەکاتەوە. هەروەک دەبینین لە یەکێک لە گفتوگۆکانی نێوانیاندا سەبارەت بە ژیان لە وڵاتی سوێد. هەڵاڵە پێی وایە پیاو ئەگەر بیەوێت لەم وڵاتە (سوید) بژی جگە لە ((ژن و منداڵەکەی زۆر شتی تریشی دەوێت ژیانی باش کار و پیشەی باش خوێندەواری باش پەیوەندی و دۆست و برادەری باش... دەیگوت شێرە وای دانێ ئێمە تا سەر بۆ تۆ نەبووین، من هیچ، ئەو کچە بەدڵنیاییەوە تا سەر بۆ تۆ نابێت، بۆ هیچمان نابێت. ئەو لێرە گەورە دەبێ و لێرەش منداڵ کچ بێت یان کوڕ بگاتە هەژدە ساڵ، یاسا مافی ئەوەی دەداتێ دایک و باوکی بەجێ بهێڵێ و بڕوات شوێن ژیانی خۆی بکەوێت... ئارەزوو دەڕوات شێرە... نەک هەر لەم ماڵە، ڕەنگە لەم شارە و لەم وڵاتەش...

شێرزاد دیسان ئاگری دەگرت... دیسان لچی بەردەدایەوە دەیگوت:

من لە یاسای ئەم وڵاتە دەڕیم. ئەو یاسایە من و ژن و منداڵی من ناگرێتەوە.))(نەهایی، ٢٠١٨: ١٤-١٥). هەڵاڵە یاسا و کولتووری وڵاتی سویدی بەلاوە پەسەندە، بۆیە وەک تاکێکی سویدی خۆی دەنوێنێتەوە. کاریگەرە بە یاسا و ڕێساکانی سوید، بۆیە دەبینین ملکەچ و گوێڕایەڵی یاسا و ڕێساکانی ئەوان دەکات. ئەم خۆگونجانە دەبێتە بەرهەمهێنەری تۆن و دەنگی جیاواز، چونکە لەگەڵ شێرزاددا دوو بیرکردنەوەی جیاوازیان سەبارەت بە ژیان دەبێت. کارەکتەر هەڵاڵە بە تەواوەتی وەک مێینەیەک خۆی دەنوێنێت. ((دیارە نووسەر بە ئاگا بووە لەم تایبەتمەندییە مێینەیە، هەر بۆیە بە وردی ئەم لایەنە مێینییەی بەدەرخستووە.)) (ابراهیم، ٢٠٢٣، ٨٢) لە بەرانبەردا شێرزاد بە هیچ جۆرێک نایەوێت پابەندی کولتوور و داب و نەریتی ڕۆژئاوا ببێت، بەڵکو دەیەوێت هەمان ئەو کولتوورەی کە لەگەڵی ژیاوە و لەگەڵیدا گەورە بووە، دەیەوێت لەناو خێزانەکەی خۆیدا بەرجەستەی بکاتەوە، بۆیە بە هەموو جۆرێک دژی کولتووری ڕۆژئاوایی دەوەستێتەوە و جنێو بە یاسا و ڕێساکانی ئە وڵاتە دەدات. لە بەرانبەردا کولتووری وڵاتەکەی خۆی بە لاوە گونجاوتر و پەسەندترە. شێرزاد بەمە نەوەستاوە، بەڵکو تووڕە بووە لەو پەناهەندانەی کە لە ئەورووپا گیرساونەتەوە، پێی وایە

زۆربەیان خۆیان لێ دەگۆڕێت و کولتوور و داب و نەریت و ڕەفتاری کۆمەڵگەی خۆیان لەبیر دەکەن و دەکەونە ژێر کاریگەری کولتووری وڵاتانی ڕۆژئاوا، کە بە لای ئەوەوە ئەمە کارێکی قێزەون و ناشیرینە، لەم بارەیەوە دەیگوت: ((گرفتی گەورەی ئێمە ئەوەیە خۆمان لێ گۆڕاوە لە بیرمان چۆتەوە خەڵکی کوێین و پشتمان لە وڵاتەکەمان و ئەخلاق و ڕەفتاری خەڵکی وڵاتەکەمان کردووە. دەیگوت ئێمە بە شێوەیەکی زەق و ناحەز لاسایی خەڵکی ئەم وڵاتە دەکەینەوە کە وڵاتی ئێمە نییە. شێرزاد ئەمانەی تەنیا بە هەلاڵە نەدەگوت بە مەجیدی برای شیری گوتبوو)) (نەهایی، ٢٠١٨: ٦٣). لێرەدا شێرزاد وەک تاکێکی کوردی کوردی خۆی دەنوێنێتەوە. خۆی وەک کەسێکی سەرسەختی ڕۆژهەڵاتییانە نیشان دەدات. واتە دەیەوێت بڵێت ناکرێت کوێرانە ئێمە لاسایی هەموو شتەکانی ئەورووپییەکان بکەینەوە، چونکە بەم جۆرە ئێمە کەسایەتی و کولتوور و کۆمەڵ و ئایین و...هتد هەموو شتە پیرۆزەکانی خۆمان لە دەست دەدەین. مرۆڤ ناکرێت زۆر بە ئاسانی بکەوێتە ژێر کاریگەری کولتووری ئەورووپییەوە. ئەمە ڕێک بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی هەلاڵەیە کە کەوتۆتە ژێر کاریگەری کولتورری ڕۆژئاوایی و وەک تاکێکی ڕۆژئاوایی خۆی دەنوێنێتەوە. هەلاڵە بەجۆرێک لە کولتووری ڕۆژئاواییدا تواوەتەوە. کە تەنانەت خۆی بە کورد و خەڵکی کوردستانیش دانانێت، بەڵکو وەک هاووڵاتییەکی سویدی خۆی دەناسێنێت و دەڵێت: ((ئەسڵەن نیشتمانی من ئێرەیە. سوید. من تەبەعەی ئێرەم و منداڵەکەشم لێرە لە دایک بووە خەڵکی ئێرەیە. کەواتە من و منداڵەکەم وەک هاووڵاتییەکی سویدی لێرە دەمێنینەوە بۆ هەمیشە.)) (نەهایی، ٢٠١٨: ٣٧). واتە هەلاڵە بە جۆرێک کەوتۆتە ژێر کاریگەری وڵاتی سوید، وای لێهاتووە کە حاشا لە نەتەوە و وڵاتەکەی خۆی بکات، چیدیکە خۆی بە کورد و خەڵکی کوردستان نازانێت، بەڵکو دەڵێت من و کچەکەشم خەڵکی سویدین. واتە هەلاڵە بە هەموو وجودییەوە خۆی داوەتە بەر تەوژم و کاریگەریی کولتووری ڕۆژئاوایی و بە کولتوورێکی باش وێنای دەکات. هەتا خۆی و کچەکەی بە هاوڵاتییەکی ڕۆژئاوایی دادەنێت. لە بەرانبەردا شێرزاد بە هیچ جۆرێک ئامادە نییە لەناو کولتووری ڕۆژئاواییدا بتوێتەوە. کولتووری ڕۆژئاوایی بەلاوە جوان و پەسەند نییە. واتە وەک تاکێکی ڕۆژهەڵاتی خۆی دەنوێنێتەوە.

ئەمە دوو جۆری بیرکردنەوەی دوو پەناهەندەی کوردە کە هەریەکەیان بەشێوەیەکی جیاواز خۆیان دەنوێننەوە.

جیاوازییەکانی نێوان (هەلاڵە و شێرزاد)ی پەناهەندە لە زۆر ڕووەوە بوو، هەلاڵە خۆی بە نوێنەری ڕۆژئاوا دادەنا و شێرزادیش خۆی بە نوێنەری ڕۆژهەڵات دادەنا. بۆ نموونە لە کولتووری ڕۆژئاواییدا ئاساییە ماچ کردنی ژن و پیاو بە بەرچاوی خەڵکی دیکەوە. ئەو کولتوورە لە وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکان نییە و بە شتێکی ناشیرین و دوور لە کولتووری ڕۆژهەڵاتی دادەنرێت، بەلام لای ڕۆژئاواییەکان ماچ کردن و لە باوەشکردنی دوو هاوسەر یان دوو کەپڵ کولتوورە و بە لایانەوە ئاساییە. هەلاڵە کە خۆی وەک تاکێکی ڕۆژئاوایی دەنواندەوە بە لایەوە ئاسایی بوو کە شێرزاد بە بەرچاوی خەڵکی دیکەوە ماچ بکات، بەڵام شێرزاد بە هەموو جۆرێک بەرپەرچی دەدایەوە و ڕەتی دەکردەوە، پێی وابوو کە ئەمە کولتوورێکی ناشیرینە و لەگەڵ کولتووری کۆمەڵی ئێمەدا (کوردی) نایەتەوە. بۆ نموونە کاتێک هەلاڵە لە کارکردن دەگەڕایەوە و ((دەرکەی دەکردەوە ئارەزوو بەرەو پیری دەچوو، شێرزاد دەیگوت ئەوە کێ هاتەوە؟ هەلە گیان. هەلاڵە دەنەوییەوە و لە باوەشی دەگرت ئەم لاو لای ماچ دەکرد. ناودەمی ماچ دەکرد. کە سەری هەڵدەبڕی دەیبینی شێرزاد بە ژوورسەریەوە ڕاوەستاوە و وەک منداڵێک کە گوێی پێ نەدرابێت و پشتگوێ خرابێت، ملی کز کردووە دەیگوت "ئەی من؟"

هەلاڵە دەیگوت: "تۆ حەز لەو ئەتوارانە ناکەی"

ئەوە قسەی خودی شێرزاد بوو کە گوتبووی: "زۆرم بە لاوە ناشیرینە کە ژن و پیاوی ئێمەش وەک سویدییەکان لە بەرچاوی میوانی ناسیاو و غەریبەدا یەکتر لە باوەش دەگرن و یەکتر ماچ دەکەن. ئەوە ئەخلاق و ڕەفتاری کوردی نییە"

هەلاڵە قسەکەی شێرزاری دووبارە دەکردەوە "ئەوە ئەخلاق و ڕەفتاری کوردی نییە"

شێرزاد دەیگوت: "لەبەر چاوی خەڵکدا بەڵێ، بەڵام... ))(نەهایی، ٢٠١٨: ٧٤-٧٥). لێرەدا شێرزاد نایەوێت لەپێش چاوی خەڵک هاوسەرەکەی ماچ بکات و لە ئامێزی بگرێت، چونکە شێرزاد وەک تاکێکی کوردی خۆی دەوێنێتەوە، لە کولتووری کوردیش ئەو جۆرە کردارانە ناشیرین و ڕێگە پێدراو نین. لە بەرانبەردا هەلاڵە لەبەر ئەوەی کەوتبووە ژێر کاریگەری کولتووری ڕۆژئاوایی، ماچ کردن و لە باوەش کردنی هاوسەرەکەی بە بەرچاوی خەڵکەوە بەلاوە ئاسایی بوو. واتە

هەلالە وەک تاکێکی ڕۆژئاوایی خۆی دەنواندەوە. هەلالە ئەوەندە بە قووڵی کەوتبووە ژێر کاریگەری کولتووری ڕۆژئاوایی، تەنانەت وای لێهاتبوو کۆتایی شەوانی شەممە و یەکشەممە وەک ئەوروپییەکان دەچوو بۆ گازینۆ و بارەکان و شوێنی سەماکردن و خواردنەوەی مەشروب. واتە هەلالە هاوشێوەی تاکێکی ئەوروپی مامەڵەی دەکرد و خۆی دەنواندەوە. بە تەواوی کولتووری کۆمەڵگەی خۆی پشتگوێ خستووە و نایەوێت پەیرەوی هەمان ئەو کولتوورە بکات، کە لە کۆمەڵگەی خۆیدا هەبووە. ڕۆژێک لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا (نەسرین خان) ئامۆژنی هەلالە لەگەڵ (سەعادەت خانی) دایکی هەلالە قسە دەکات و دەڵێت: ((هەلالە شەوانی یەکشەممە لەگەڵ کاروانی برای و فەرهادی ئامۆزای دەچێت بۆ بار و گازینۆ. سەعادەتی دایکی گوتبووی ئەو شوێنانە کە دەیڵێی کوێن؟ شوێنی خراپ و ناشایستە نین؟

نەسرین خانمی ژنی مامە فەتاح وتبووی شوێنی خواردنەوە و سەماکردن و ڕابواردنی گەنجانن، سەعادەت داچڵەکی بوو تف لە زاریدا وشک بووبوو، وتبووی یەعنی هەلالە دەچێتە شوێنی ئاوا؟ بەترس و تۆقینەوە گوتبووی.

نەسرین خانم گوتبووی مەترسە براژن لێرە نەوەک هەر ئەو، هەموو گەنجێکی تر دەچن بۆ ئەو جۆرە شوێنانە.

ئاخر هەلالە کچە براژن گیان! زەعیفەیە! چۆن زەعیفەیەکی وەک ئەو دەبێ هاتوچۆی شوێنی وا بکات؟ دەزانی ئەگەر حەمە ڕەشید ئاغای باوکی بیبیستێتەوە... ئەوسا گوتبووی "باشە ئێوە چۆن ئیجازەی دەدەن؟ مامە فەتاح چۆن دەهێڵێت بچێت بەو ئەو شوێنانە؟ نەسرین خان گوتبووی براژن گیان لێرە پیاو دەرەقەتی منداڵی خۆی نایەت، چ بگات بە منداڵی خەڵکی. جارێک، ئەرێ تەنیا جارێک فەتاح لێیان تووڕە بوو و بە گژیاندا هات هەلالە و کاروان هەردووکیان پێیان کردە ناو کەوشێک کە ئیللانە و بیللان لەم ماڵە دەڕۆن. گوتیان دەچن بۆ خۆیان ماڵ دەگرن. براژن گیان لێرە منداڵ کە تۆزێک گەورە بوو بۆی هەیە لە دایک و باوک و کەسوکاری جیاببێتەوە و بڕوات بۆ خۆی بە تەنیا بژی کچ بێت یان کوڕ فەرق ناکات.))(نەهایی، ٢٠١٨: ٢١٧). لێرەدا دەبینین کە هەم هەلالە هەم کاروانی برای هەلالە وەک دوو تاکی ڕۆژئاوایی بیریان کردووەتەوە خۆیان نواندووەتەوە. چوونەتە شوێنێک کە لەگەڵ کولتوور و ئاینەکەمان نایەتەوە، بۆیە ڕۆژێک مامە فەتاحی مامیان خۆی لێ تووڕە کردوونە کە نابێ بچن بۆ ئەو شوێنانە و نابێ کاری پێچەوانەی کولتووری خۆمان ئەنجام بدەن. لێرەدا مامە فەتاح وەک تاکێکی ڕۆژهەلاتی بیری کردۆتەوە و خۆی نواندۆتەوە. لە بەرانبەردا ئەوانیش هەردووکیان گوتوویانە ئێمە لەم ماڵە دەڕۆین و بۆ تۆ جێی دێڵین و چیتر لەگەڵ ئێوە ژیان ناکەین، بەڵکو دەمانەوێت بڕۆین بە تەنیا بژین. واتە وەک تاکێکی ڕۆژئاوایی خۆیان نواندووەتەوە. ئەوروپییەکانیش دوای ئەوەی کە لەگەڵ دایک و باوکیان نەگونجێن دەڕۆن بە تەنیا دەژین.

هەر سەبارەت بە جیاوازی کولتووری لەنێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا، باس لە حاڵەتی خیانەتکردن دەکەین، هاوکات چۆنییەتی خۆ نواندنەوە و هەڵوێستی پەناهەندە سەبارەت بەو حاڵەتە دەخەینەڕوو. دوای ئەوەی شێرزاد هەستی بەوە دەکرد، کە هەلالە پەیوەندی لەگەڵ سەعیددا هەیە و هەلالە لەژێرەوە خیانەتی لێ دەکات، شێرزاد هەمیشە بێزار و تووڕە بوو، بۆیە داوای لە هەلالە دەکرد، کە ئەم شارە جێبهێڵن و بڕۆن بۆ شارێکی دیکە لەوێ بژین. لەو کاتەدا هەلالە هەرچی داوا بکات لە شێرزاد لە ئیشکردن ئەنجامی دەدات، بەڵام هەلالە بە هیچ جۆرێک ئامادە نەبوو ئەم شارە بەجێ بهێڵێت. بۆیە شێرزاد دەهری و تووڕە دەبوو. هەتا کار گەیشتە ئەوەی کە گوتی نابێت و حەز ناکەم نە سەعید هاتوچۆی ئێمە بکات و بێتە ماڵمان نە ئێمەش هاتوچۆی ئەو بکەین و بچینە ماڵیان. شێرزاد لە هەلالە دەپاڕایەوە دەیگووت: ((هەلالە تکات لێ دەکەم با لێرە بڕۆین، من لەمە زیاتر ناتوانم لێرە بژیم.

بچین بۆ کوێ؟ بۆ شارێکی تر، با بچین بۆ ئۆربۆر و بڕۆین بۆ لای گوڵالە و شەهاب وەعدت دەدەمێ لەوێ هەر کارێک کە تۆ پێت خۆش بێ، بیکەم. هەلالە دەیگوت من شوێنی کارەکەم لێرەیە، جگە لەوەش من لێرە دەخوێنم. بۆ لە ئۆروبرۆ ناتوانی بخوێنی؟ دەتوانم بەلام... ناتەوێ لەو کابرا عەجەمە سەگ بابەوە دابڕێیت؟ ها.

لەم دواییانە ئەوەی گوتبوو کاتێک پەیوەندی و هاتوچۆی لەگەڵ سەعید بڕیبوو گوتبووی من ڕقم لێیەتی نە حەز دەکەم بێتە ماڵم و نە پێم خۆشە بچینە ماڵی)) نەهایی، ٢٠١٨: ٢٤٧)

لێرەدا شێرزاد وەک تاکێکی ڕۆژهەلاتی خۆی دەنوێنێتەوە. غیرە لە هەلالە دەکات و پێی وایە ئەگەر هاموشۆی ماڵی یەکتری نەکەن لەگەڵ سەعید ئیدی ئەو پەیوەندییە ناشەرعییەی نێوان هەلالە و سەعیدیش کۆتای پێ دێت. ئەم بۆچوونە

پەیوەندی بە کولتووری کوردییەوە هەیە. لە بەرانبەردا هەلالەش وەک تاکێکی ڕۆژئاوایی بیر دەکاتەوە و خۆی دەنوێنێتەوە بەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئەو پیاوە ببەستێت، کە بەدڵی خۆیەتی. بۆیە گوێی بە قسەکانی شیرزاد نەدەدا و بەردەوام بوو لە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ سەعیدا. هەر دوای ئەو پەیوەندی بڕینە بوو کە شێرزاد ((دەیبیست هەلالە و سەعید زیاتر لە جاران لە زانکۆ یەکتر دەبینن. تەنانەت لە ڕادیۆش ڕۆژێک کە بیستی سەعید لە ڕادیۆ بووە ئاگری گرت بە شەرەوە چووەوە بۆ ماڵ و گوتی ئەو سەگبابە بۆچی هاتبوو بۆ ڕادیۆ؟ کامە سەگباب؟ سەعید. هەلالە گوتی داوەتیان کردبوو لە بەشی فارسی بۆ وتوویژ داوەت کرابوو. گوتی سەعید جگە لەوەی کە مامۆستای زانکۆیە نووسەرێکی ناسراویشە داوەتیان کردبوو وتووێژێکی ئەدەبی لەگەڵ بکەن.

درۆ دەکەی ئەو سەگبابە بۆ لای تۆ هاتووە.

هەلالە ئاگری گرت. وەک هەموو جارێکی تر کە شێرزاد بەو شێوە سووکایەتی پێ دەکرد و ئاگری دەگرت گوتی "نەفام تۆ تا کەی عاقڵ نابیت؟ من ئەگەر بمەوێ سەعید یا هەر کەسێکی تر ببینم..."

شێرزاد نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات.

گوتی: "دەزانم دەچی لە ماڵەکەی دەیبینی وەک هەموو جارێکی تر کە چوویت". گوتی: "تۆ ئەتەوێ لە من جیاببیتەوە و بچی لەگەڵ ئەو عەجەمە سەگبابە بژی مەڵێ نا، مەڵێ من بە هەڵە چووم..."

هەلالە پێکەنی. ئەمجارەیان پێکەنینەکەی لە هەمیشە زیاتر عەسەبی و پڕ لە سووکایەتی بوو.

گوتی: "بۆ دەڵێم نا؟! کوا دەڵێم بە هەڵە چوویت؟! بە پێچەوانەوە، باش تێگەیشتووی ئەرێ دەمەوێ لە تۆ جیابمەوە"

ئەوسا زریکاندی.

هەر ئێستا. هەر ئێستا لەم ماڵە برۆ دەر)) (نەهایی، ٢٠١٨: ٢٤٧-٢٤٨). واتە هەلالە وەک ژنی ڕۆژهەلاتی گوێڕایەڵی مێردەکەی ناکات. وەک ئافرەتێکی ڕۆژئاوایی رەفتار دەکات و خۆی دەنوێنێتەوە. پەیوەندی لەگەڵ سەعید ناپچڕێنێت و بەردەوامی بەو پەیوەندییە ناشەرعی و دژە کولتوورییە کوردییەی دەدات.

بە هەمان شێوەی هەلالە مەجیدی براشی کەوتبووە ژێر هەژموون و کاریگەری و کولتووری ڕۆژئاوایی. مەجیدیش وەک تاکێکی ڕۆژئاوایی خۆی دەنواندەوە. مەجید ڕۆژێک لەگەڵ شێرزاد کەوتبووە گفتوگۆ و موناقەشە. وتبووی کە ئەوان ئێستا لە وڵاتی سوید دەژین نەک لە وڵاتی خۆیان. خۆ ئەگەر لە وڵاتی خۆیان ژیابوونایە ئەوە بە جۆرێکی تر ڕەفتاریان دەکرد و بە جۆرێکی تر هەڵسوکەوتیان دەکرد، لەبەرئەوە مەجید بە شێرزادی گوت: ((ئەوەت لەبیر نەچێت کە ئێمە ئێستا لە وڵات خۆمان ناژین. لە سوید دەژین. لە وڵاتی خۆمان تۆ هەرگیز ڕێگەت بە خۆت نەدەدا، کە لەبەر چاوی ژن و منداڵی مندا ڕووت ببیتەوە. منیش ئیجازەی ئەوەم پێ نەدەدای. لە وڵاتی خۆمان تۆ ئەگەر نەک زاوا، بەڵکو براشم بوویتایە نەمدێشت بن باڵی ژنەکەم ببینی، بەلام لێرە سەیرکە تۆ و هەمووومان بە ڕووتی لە بەرچاوی یەکتردا مەلە دەکەین و دادەنیشین. سەیرکە)) (نەهایی، ٢٠١٨: ٦٨). هەروەکو گوتمان مەجید وەک تاکێکی ڕۆژئاوایی خۆی دەنوێنێتەوە و کولتووری وڵاتەکەی خۆی پشتگوێ خستووە، بۆیە دەبینین مەجید لەبەر ئەوەی وەک ئەوان خۆی دەنوێنێتەوە، بۆیە ڕووتبوونەوەی ژن و منداڵەکانی بەبەرچاوی خەڵکەوە بەلاوە ئاسایی بوو، ئەگینا ئەو جۆرە ڕەفتار و بیرکردنەوانە پێچەوانەی کولتووری کۆمەڵکەی خۆیەتی، بەلام شێرزاد کە پابەندی کولتووری کۆمەڵکەی خۆیەتی، دەبینین لە سوییدیش وەک تاکێکی ڕۆژهەلاتی خۆی دەنوێنێتەوە و ئەم ڕەفتارانە بە ناشیرین نەشیاو دادەنێت، بۆیە بە مەجید دەڵێت: ((سەیرکە تخوا سەیرکە لەو کاتەدا هەلالە لەناو ئاوەکە خۆیدا بووە سەر شانی فەرهادی کوڕی مامە فەتاح هەوڵی دەدا لە ئاوەکە نوقمی بکا شێرزاد هەروا عەسەبی و هەڵچوو ئەم جارە بە تیزەبزێکەوە گوتی: ئایا ژنێکی نەجیب و موحتەرەم لەبەر چاوی خەڵک تەنانەت لەگەڵ مێردەکەشی یاریی گاڵتەی ئاوا دەکات؟

مەجید هەوڵی دا توورە و عەسەبی نەبێت گوتی هەلالە و فەرهاد خوشک و بران.

خوشک و برانین. ئامۆزان.

ئەوان بەیەکەوە گەورە بوون.)) (نەهایی، ٢٠١٨: ٦٩). شێرزاد چونکە وەک تاکێکی ڕۆژهەلاتی خۆی دەنوێنێتەوە، بۆیە هەموو نزیک بوونەوەیەک لە ژنەکەی بە خراپ وەردەگرێت. پێی وایە ژن دەبێت وەک ژنی وڵاتەکەی خۆمان ڕەفتار و

هەڵسوکەوت بکات و خۆی بنوێنێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی چ مەجید و چ هەلالە بە تەواوی کەوتبوونە ژێر کولتووری ڕۆژئاوایی، بۆیە وەک ئەوان خۆیان دەنواندەوە. هەلالە لەبەر ئەوەی وەک تاکێکی ڕۆژئاوایی خۆی دەنواندەوە، دەبینی دەست لە مل کردنی ئامۆزاکەی و یاریکردن لەگەڵی بەلایەوە ئاسایی بوو، بەڵام لە کولتووری کوردیدا ئەو جۆرە ڕەفتارانە ڕێگە پێدراو نین هەتا ئەگەر ئەو کەسە ئامۆزاشت بێت.

لە کولتووری کوردیدا ئافرەت بە بیانووی خیانەت کردن، لەلایەن کەسە نزیکەکانیەوە دەکوژرێت. دوای ئەوەی شێرزاد هەست بەوە دەکات کە (هەلالە)ی خێزانی خیانەتی لێ دەکات و پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا هەیە، بۆیە لە یەکێک لە ڕۆژەکاندا بە خەنجەرێک کە لەلایەن باوکی هەلالەوە لە کوردستان بە دیاری پێی دراوە و هێناویەتی بۆ وڵاتی سوید. لەوێ هەلالەی پێ دەکوژێت، وەک شایەتی ئەو ڕووداوە سەعید دەڵێت: ((پێشتر ئەو خەنجەرەی لە ماڵی هەلالە لەسەر ڕەفە جوان و عەنتیکەکەیان بینیبوو. خەنجەرێکی بێکالان کە بە دەمەوە لەناو مۆمدانێکی زەرد دانرابوو سەعید لێی ورد بووبووە و گوتبووی ئەمە چییە؟ ئەمە لە کوێوە هاتووە؟ لە هەلالەی پرسی بوو

– هەلالە دەمی بۆ زەردەخەنەیەک پان کردبوو چاوی بۆ شێرزاد گێڕابوو، شێرزاد ئارەزووی لە باوەشدا خەریک بوو دەی خەوان

– گوتبووی دوای هەلالە ئەمە پڕ بەهاترین دیارییەکە، کە خەزوورم بە منی بەخشیبێت هەر خۆم دەزانم بە چ مەینەتییەک لە کوردستانەوە لەگەڵ خۆم هێناومە.)) (نەهایی، ٢٠١٨: ٢٨٣). ئەم خەنجەرە خۆی لە خۆیدا کولتوورە. مانای دەسەڵات و هێز دەگەیەنێت، مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە پیاو لە کۆمەڵی کوردیدا خۆی بە خاوەنی ئافرەت دادەنێت، بۆیە لە هەبوونی هەر هەڵەیەکی ئافرەت پەیوەست بە شەرەفەوە لەلایەن پیاوەوە ڕووبەڕووی کوشتن دەبێتەوە. واتە پیاوەکە هەق بە خۆی دەدات، کە بە خەنجەر یان هەر وەسیلەیەکی دیکە ئافرەتەکە ڕووبەڕووی ئازار یان کوشتن بکاتەوە. دوای ئەوەی هەلالە لەلایەن شێرزادەوە بریندار دەکرێت، بەهۆی ئەوەی کە هەلالە دەستی لەگەڵ سەعید تێکەڵ کردووە. دوای ئەو حاڵەتە پەناهەندەکان لەلایەن هاوڵاتیانی سویدەوە بە چاوێکی کەمتر لە پێشووتر سەیر دەکران. پێیان وایە کە پەناهەندەکان هەمیشە خەریکی ژن کوشتنن.

مەجید برای هەلالە، چونکە وەک تاکێکی ڕۆژئاوایی خۆی دەنوێنێتەوە، سەبارەت بەو حاڵەتە نەخوازراو و خراپە بەم شێوەیە قسە دەکات و دەڵێت: ((ئێمە چیمان لە دەست دێ؟ ئایا دەتوانین هەواڵی ئەم جەنایەتە بە درۆ بخەینەوە؟ دەتوانین نکوڵی لەم کولتوورە پیاو سالارەی خۆمان بکەین؟ دەتوانین حاشا لەو عەقڵییەتە پیاوانە بکەین کە ژن پاش تەڵاق و جیابوونەوەش بە موڵکی خۆی دەزانێت؟... هەلالە خوشکی من قوربانی ئەم کولتوورەیە ئەو قوربانی جەنایەتێکە کە لەم کولتوورەوە سەری هەڵداوە ئەم جەنایەتە دەبێت زۆر زیاتر لەمانە بەرجەستە بکرێتەوە و ڕسوا بکرێت))(نەهایی، ٢٠١٨: ٢٧٩). مەجید نایەوێت وەک تاکێکی کوردی لەوێ بژییەت، بۆیە دەبینین وەک تاکێکی ڕۆژئاوایی خۆی دەنوێنێتەوە و پشتی خوشکەکەی دەگرێت. ڕەخنە لەو کولتوورە دەگرێت کە بۆتە هۆی کوشتنی خوشکەکەی و ئەم کولتوورە بە شتێکی خراپ و قێزەون دادەنێت، بۆیە بە هەموو بوونییەوە کولتووری کۆمەڵگەی کوردی ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت خوشکەکەی من بۆتە قوربانی ئەم کولتوورە خراپ و ناشیرینە.

هەر سەبارەت بە دیاردەی ژن کوشتن، لە ناو کولتووری کوردیدا، ئەگەر ئافرەت پەیڕەوی یاسا و نەریتەکانی کۆمەڵگەی خۆی و عورفی میللەتەکەی خۆی نەکات، ئەوا ڕووبەڕووی کوشتن دەبێتەوە لەلایەن کەسە نزیکەکانی وەک (باوکی، برای، مامی یاخود هاوسەرەکەی). واتە ژن کوشتن لە کولتووری ئێمەدا بیانووە بۆ پاراستن و پاککردنەوەی "شەرەف". ژن کوشتن یەکێک لەو دیاردانەی بەدرێژایی مێژوو لە کۆمەڵگەکاندا هەبووە، بکوژان پیاوانی نزیک خێزان و بنەماڵەن، ژن کوشتن لەو کۆمەڵیەنەدا هەیە کە((ئەقڵیەتی پیاوسالاری زاڵ بێت تێیدا. لەم کۆمەڵگەیانەدا ژن وەک ڕەمزی شەرەفی بنەماڵە و دایک و باوک و خێزان دادەنرێن، بۆیەیش هەر لادانێک لە لایەن ژن و کچەوە بە لادان و مەترسی بۆ سەر شەرەفی خێزان و بنەماڵە دادەنرێت و دەبێ ئەو تاوانە پاک بکرێتەوە. پاکبوونەوەی تاوانیش تەنیا بە کوشتن دەبێت.

لە کۆمەڵ و کولتووری کوردیدا ئەگەر بە جۆرێک سەیری ئافرەت بکرێت، یان بەجۆرێک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەمە بە دوور نازانرێت کە حاڵەتی کوشتنی لێ بکەوێتەوە. لەبەر ئەوەیە کە دەگوترێت زۆرجار کولتوور لە کۆمەڵی ئێمەدا بە

بەرزتر و پیرۆزتر لە بنەما دینییەکان تەماشا دەکرێ، چونکە لە ئاینی ئیسلامدا بە هیچ جۆرێک ڕێگەپێدراو نییە،کەسێک لەسەر شتێکی لەم جۆرە بکوژرێت، بەڵام لە کولتووری کوردیدا بەئاسایی دادەنێت و پیاو پێی وایە، ئەمە حەقی خۆیەتی. بۆنموونە لە ڕۆمانی (هەنار و فریشتەی مردن) دەبینین یەکێک لە کارەکتەرەکان بەمجۆرە ڕووداوێکمان بۆ باس دەکات و دەڵێت: ((لە کەمپی پەنابەراندا لە نێوان گروپێکی کوردی و ئەلبانیدا شەڕ دروست بوو، وەک دواتر لە کاتی کاری وەرگێڕاندا بۆم دەرکەوت ژنێکی کورد کاتێک بە ڕێگاوە دەبێت تا بەرەو توالێت بچێت کوڕێکی گەنجی ئەلبانی لەسەر ڕێگاکەی ڕایدەگرێت و هەندێک قسەی بۆ دەکات، ئەگەرچی کەسیان لەوی تر تێناگات، بەڵام کوڕێکی کورد چاوی لێی دەبێت و پەلاماری کوڕە ئەلبانییەکە دەدات. بە ماوەیەکی کورت شەڕەکە دەبێت بە شەڕی کورد و ئەلبانییەکان و تیایدا دوو کەس بە چەقۆ بریندار دەبن.)))(مەحەمەد، ٢٠١٨: ٤٣) واتە لە کولتووری کوردیدا قسەکردنی نێوان کوڕ و کچ ڕێگا پێدراو نییە. بۆیە دەبینین کوڕە کوردەکە خۆی بە خاوەنی ئافرەتە کوردەکە زانیوە لەگەڵ کوڕە ئەلبانییەکە کەوتۆتە شەر و پێکدادان. واتە کوڕە کوردەکە وەک تاکێکی کۆمەڵگایی کوردی خۆی نواندۆتەوە. هەر لەو ڕوانگەیەوە ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (دواشەوی دابەزینی عیسا)دا لەسەر زاری یەکێک لە پەناهەندەکان دەڵێت: ((لە وڵاتەکەی مندا ڕۆژانە ژنان لەسەر گومانێکی چکۆلەیان، سەبارەت بە شەرەف و ناموسەوە دەکوژرێن بێ ئەوەی کەسێ دەستی پیاوە خوێن خۆرەکان بگرێت.))(حەسەن،٢٠١٥: ١١٨). بۆیە لە کۆمەڵی کوردیدا لە هەبوونی هەر گومانێکی پەیوەست بە شەڕەفەوە، بە دوور نازانرێت حاڵەتی کوشتنی لێ بکەوێتەوە. ئەمە ئەو کلتوورەیە کە ئێمە لەگەڵیدا گەورە بووین و لە ڕەفتارماندا دەینوێنینەوە. لە بیرکردنەوە و لە کرداری ڕۆژانەماندا دەینوێنینەوە. لە نموونەیەکی دیکەدا، سەیوان کە کچێکی پەناهەندەیە لە وڵاتی سوید لەلایەن باوکییەوە دەکوژرێت. بە بیانووی دەست تێکەڵکردنی لەگەڵ پیاواندا، بۆیە شەوێک ((سەیوان بە کوژراوی دەدۆزرێتەوە و گومان لە باوکی دەکرێت کە بۆ کرینەوەی شەرەفی بە بیانووی ئەوەی دایکی سەیوان نەخۆشە بانگی دەکات بۆ ماڵەوە و لە کاتی گەڕانەوەیدا لە تاریکاییەکی نزیک ماڵیاندا فرسەتی لێ دەهێنێت و بە چەقۆ دەیکوژێت))(مەحەمەد، ٢٠١٨: ١٦٣). لێرەدا دەبینین باوکی سەیوان کە پەناهەندەیەکی کوردە لە وڵاتی سوید بەبیانوی پاککردنەوەی شەڕەفی، کچەکەی دەکات بە قوربانی کولتوورەکەی و دەیکوژێت. بێگومان لە کولتووری کوردیدا بکوژ بە ڕای خۆی ئەم کردەی کوشتنە بۆ کڕینەوەی شەڕەف دەکات، بەپێچەوانەوە ئەگەر وازی لێ بهێنێت، ئەوا پێی وایە چاوشۆری هەموو کۆمەڵیە و شەڕەفی لە دەست داوە.

هەر سەبارەت بەو دیاردەی ژن کوشتنە، یەکێک لە کارەکتەرەکان، کە پەناهەندەیەکی کوردی ناو ڕۆمانی (بۆنی دایک)ە، لە وڵاتی ئەڵمانیا باس لەوە دەکات، کە ڕۆژێک لە کۆلێژ ڕۆژنامەیەک دانرابوو ڕووداوێکی تاوانکاری لە لاپەڕەی یەکەمیدا سەرنجی ڕاکێشام و ((ڕوخساری تاوانبارەکە لە کورد دەچوو چەند جار ئەخوێنمەوە و ئینجا لێی تێگەیشتم دیسان کوردێک بووە بە باسوخواسی ڕۆژنامەکان گێڵ فرێندەکەی پێشووی کوشتبوو لە کامێرای چاودێرییەوە دەرکەوتبوو کە چەندە دڕندانە ئەو تاوانەی کردبوو دڵتەنگ بووم و دەست بەجێ ڕۆژنامەکەم لوول کرد و فڕێم دایە تەنەکەی خۆڵەکەوە بە بێدەنگی دانیشتم و دەستم خستە ژێر چەناگەم و بیرم دەکردەوە لە خۆمم دەپرسی گریمان لێرە شاردمەوە، بەڵام خۆ لە دەرەوە هەر دەیبینن. بەنەفرەت بیت هەمیشە جێگەی شەرمەزارین تووڕە بووم و بۆکسێکم بە مێزەکەی بەردەممدا کێشا و بە دەنگی بەرز گوتم چی دەبێت ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژنامەیەکدا ببینم کوردێک داهێنانێکی کردووە کە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکا؟ بابە داهێنان نا، تەنها کارێکی باش خۆ ئاسمان ناڕووخێ دنیا کاول نابێ. ئێمەش مرۆڤین تۆ بڵێی تەنها تاوان و خراپەکاریمان بە میرات بۆمابێتەوە. لە دواوە دەنگێ گوتی

– بەڵێ تاوان و توندوتیژی لە خوێنماندایە و بە میراتیش بۆمان ماوەتەوە.

–کە ئاوڕم دایەوە زمانم بەسترا و حەپەسام.

– چییە بۆ لاڵ بویی، قسەکانم ڕاست نین؟

– بە گوشارێکی زۆر تا توانیم بڵێم نازانم.

– بۆ نازانیت؟ خۆتێگەیشتن لەوە زۆر ئاسان و سادەیە پیاوی کورد واتا ئەوەی کە لەو ڕۆژنامەیەدایە.

– تۆ باوک و برات هەیە؟

– بەڵێ هەمن. بۆنا باوک و برای منیش هەر کوردن.
– ئەتەوێت بڵێی پیاوی کورد تەنها لە ڕوخساردا جیاوازن، بەڵام لە ئاکاری و بیرکردنەوەیدا هەموویان وەکویەکن.
– ڕێک وایە لە سەرەتادا هەموویان فریشتەن زۆر میهرەبان و باشن بەڵام دواتر دەگۆڕێن.)) (ئەحمەد، ٢٠١٩: ٩٦-٩٧).
لێرەدا دەبینین پەناهەندە کوردەکە وەک ڕۆژئاواییەک خۆی دەنوێنێتەوە، کەچی ئافرەتە کوردەکە دەڵێت ئەو ژن کوشتنە، کولتوورە، وەک خوێن بە دەمارەکانماندا دێت و دەچێت و لە بیرکردنەوە و ڕەفتای هەموو کوردێکدا هەیە. ئەمە یەکێکی ترە لەو جیاوازیانەی کە لە نێوان کۆمەڵی کوردی و وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەیە. لە کولتووری ڕۆژئاواییدا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە یان ئەم جۆرە ڕەفتارکردنە بوونی نییە. واتە ئەوان ئەگەر ببینن کوڕ و کچێ بەیەکەوە قسە دەکەن ئەم جۆرە ڕەفتارە نانوێننەوە. واتە ئەم جۆرە ڕووداوانە لە بیرکردنەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا بەدی ناکرێت. لە ڕۆژئاوا ئافرەت لەسەر مەسەلەی (شەرەف) ناکوژرێت. واتە لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا کە خیانەت هەبوو لە نێوان ژن و پیاودا، بە سادەیی لە یەکتر جیا دەبنەوە و یەکتر بەجێ دەهێڵن. واتە لە ڕۆژئاوادا بۆ مەسەلەی شەرەف، کوشتن نییە. واتە بە هیچ هۆیەک و لە ژێر هیچ پاساوێکدا ئافرەت ناکوژرێت. بۆ نموونە کاتێک (یولیا) کە هاوسەری (گوستاڤ)ە، (دوو کارەکتەری ناو ڕۆمانی منداڵانی گەڕەک)ن، یولیا بە مێردەکەی (گوستاڤ) دەڵێت کە دڵنیا نییە ئایا منداڵەکەی ناوسکی لەوە یاخود لە پیاوێکی ترە، کاردانەوەی گوستاڤ لەو کاتەدا ئەوەیە، کە زۆر ناڕەحەت دەبێت و بڕیار دەدات کە ژنەکەی (یولیا) بۆ هەتا هەتایە بەجێ بهێڵێت. بەبێ وەی لێی بدات بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکی جەستەیی پێ بگەیەنێت، بەبێ ئەوەی بیکوژێت. ئەمە ڕێک بە پێچەوانەی کولتووری کۆمەڵگای کوردییە. چونکە لە کولتووری کوردیدا ئەگەر لێک نزیکبوونەوەی ژن و پیاو ڕوو بدات، ئەوا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە کوشتن کۆتایی دێت. ڕۆماننووس بەوجۆرە ڕووداوەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((ئێوارەیەک دوا تەواوبوونی کاری هێزپڕوکێنی ناو خەستەخانە بچووکەکەی ئۆردوگاکە یولیای دایکی بێ ئەوەی زۆر دوودڵ بێت لە درکاندنی نهێنیی دەست تێکەڵکردنی سێکسیی خۆی و جۆرج بە خوێنساردییەوە بە گۆستاڤ دەڵێت: نازانێت ئەم منداڵەی لە سکی دایە و تەمەنی پێنج مانگانە هی ئەوە یان جۆرج! ئەم نهێنییەش بۆیە پێشوەخت دەگێڕێتەوە گوایە بۆ ئەوەی گۆستاڤ لە کاتی لە دایکبوونی ساواکەدا تووشی شۆکێکی گەورە نەبێت دواتریش بە هیچ شتێک چارە نەکرێت، بەڵام گێڕانەوەی ئەو ڕاستییە بۆ گۆستاڤ بە جۆرێکی تر لەویادا هێندەی شۆکێکی گەورە و قبوڵنەکراو دەبێت کە سەر لەبەری ژیانی پێکەوەییان لە بەرچاویدا بە سەر یەکدا دەڕووخێنێت. گۆستاڤ سەر لە بەیانییەکی زوو جانتاکەی کۆدەکاتەوە و بۆ دواهەمین جار یولیا جێدەهێڵێت نامەیەکیش لەسەر جێگاکەی خۆی جێدەهێڵێت و لە نامەکەدا گۆستاڤ داوا لە یولیا دەکا بۆ هەتا هەتایە ئەو لەبیر بکات، بۆ هەتا هەتایەشە ئەو بە باوکی منداڵەکەی دانەنێت. تەنانەت ئەگەر هاتوو دواتریش دەرکەوت ئەو کۆرپەیەی سکی یولیا منداڵی ڕاستەقینەی ئەوە، بەڵام دواهەمین داوای سەیری گۆستاڤ بۆ یولیا لەو نامەیەدا ئەوە بووە لەبەر خاتری ئەو ڕۆژە خۆشانەی پێکەوە لە ژیانی یەکتردا هەیانبووە کچەکەی ناو بنێت سیسیلیا)(قادر، ٢٠٢١ ا: ٩-١٠). ئەم جیاوازییە لە ڕەفتار و بیرکردنەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە کۆمەڵی کوردیدا پیاو خۆی بە خاوەنی ژن دەزانێت. دەتوانرێت بگوترێت کۆمەڵی کوردی کۆمەڵێکی پیاو سالارییە، بەڵام لە کۆمەڵی ڕۆژئاواییدا ئەمە بە پێچەوانەوەیە پیاو خۆی بە خاوەنی ژن دانانێت. بۆیە لە هەبوونی هەر هەڵەیەک (خیانەتی هاوسەرگیری) لە خراپترین حاڵەتدا جیابوونەوە ڕوو دەدات. واتە لە ڕۆژئاوا خاوەنداریەتی ژن نییە. واتە دیاردەی کوشتن لە ئارادا نییە و ژن و پیاو یەکسانن، ئەمە پێچەوانەی کۆمەڵی کوردییە.
لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین کە کاتێک ئافرەتانی پەناهەندە لە وڵاتانی ئەورووپا دەگیرسێنەوە، زۆر بە زوویی دەکەونە ژێر کاریگەری داب و نەریت و کولتووری ڕۆژئاوا. وەک تاکێکی ڕۆژئاوایی خۆیان دەنوێننەوە. ئێمە لێرەدا خۆ نواندنەوەی ئافرەتی پەناهەندەی کورد وەک تاکێکی ڕۆژئاوایی دەخەینەڕوو. دوای ئەوەی ئافرەت لە ڕۆژئاوا لە هەموو ڕوویەکەوە دڵنیا دەبێتەوە، دەبینین واز لە پیاوەکانی خۆیان دێنن و دەچن ژیانێکی دیکە هەڵدەبژێرن. دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین، کە زۆربەی ئافرەتە پەناهەندەکان کاتێک دەچن لە ڕۆژئاوا دەگیرسێنەوە، ڕەفتار و بیرکردنەوەی ڕۆژئاوایی وەردەگرن. وەک ئەوان دەژین و خۆیان دەنوێننەوە. واتە هەمان ئەو ئازادییە پراکتیک دەکەن، کە ئافرەتانی ڕۆژئاوایی بۆیان فەراهەم کراوە. بۆیە دەبینین لەناو زۆربەی خێزانە پەناهەندەکاندا کێشەی خێزانی دروست دەبێت و دواجار بە

جیابوونەوە کۆتایی دێت، ئەگەر سەرنج لەو نموونەیە بدەین. مامۆستا فەرەیدون کە یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو ڕۆمانی (پیاوێکی شەپقە ڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاو شین) دوای ئەوەی ژن و منداڵەکانی لە ڕێگای هاتنیان بۆ ئەوروپا ون دەکات، دوای دابڕانێکی زۆر بە ژن و منداڵەکەی شاد دەبێتەوە. ئیدی کۆمەڵێک بارودۆخی خراپی لێ ڕوودەدات. لەگەڵ (فەرهاد) کە پەناهەندەیەکی ناو ڕۆمانەکەیە و لە کوردستان خوێندکاری بووە دەکەوێتە گفتوگۆ، فەرهاد دەڵێت حەزم دەکرد بزانم مامۆستا فەرەیدوون لە ئەوروپا چۆن دەژیت. لێم پرسی بە چی و چۆن دەژیت و لێم پرسی لێرە کارت چییە؟ گوتی کاسبی دەکەم. پرسیاری ئەوەم لێ کرد ژن و منداڵت لەگەڵن؟ بە بێباکی و بێ بایەخییەکی ئەوتۆوە، کە لە هەستێکی قووڵی بێهودەییەوە هاتبێت گوتی دەبێ بڵێم ژنەکەم تەڵاقی دام. گوتی من یازدە ساڵ زیاتر لە سوید ژیام هەست دەکەم کەس وەک من ئەم ئەوروپایە ناناسێت. مامۆستا فەرەیدون دیار بوو خەفەت و پەژارەیەکی زۆر لەسەر دڵی هەبوو، دەیویست بیکاتەوە. فەرهاد دەڵێت: ((من بێدەنگ بووم هەستم دەکرد ئازارێکی گەورە چنگی لە ڕۆحی ئەم پیاوە ناسکە گیر کردبوو. دواتر گوتی من هەرچی ماڵ و موڵک و سامان و هێزی خۆم هەبوو لە کوردستان و لە سوێدیش لەسەر ژنەکەی خۆمم دانا. هەمووم بە هەدەردا لە پێناو ئەوەی کە ژنەکەم لە هەولێرەوە بگاتە سوێد. گوتی ئێستاش هەر ماندووی هەلاکەتی ئەو ساڵە سەختانەم لە گیان دەرنەچووە. سێ ساڵان بەردەوام ناو میترۆ و ئاودەستخانە و گۆڕستانەکانی مالمۆم پاک کردەوە جا دوای ئەوەش چووم وەک زیندانیکراوە ئەبەدییەکان بلۆکم دەکێشایەوە کرێکاریم دەکرد بەس لەپێناو ئەوەی بتوانم لەژێر ئەو قەرزە زۆرە بێمە دەرەوە کە (تانیا خان و دوو منداڵەکەمم) پێی گەیاند بووە لای خۆم. مامۆستا فەریدون ئارام هەر دەمە و چاوی بۆ لایەک دەگێڕا و چاوە پڕ فرمێسکەکانی کردە من، بۆچی لێم ناپرسی ئەی پاشان؟ گوتی پاشان تانیا داوای تەڵاقی لێکردم. هەر لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: پێش ئەوەی تەڵاقیشی بدەم دەستی لەگەڵ "سوێدییەک" تێکەڵ کردبوو.

– ناخۆشیتان لەگەڵ یەکتر هەبوو؟

– من هەرگیز بێ دڵیی ئەوم نەدەکرد.

– لەگەڵ یەکتر نەدەگونجان!؟

– نازانم.

– ئەدی چی بوو؟

– ڕۆژێ لە ناکاو گوتی "دەزانی فەرە گیان ئەڵقەی زەواج دەتبەستێتەوە"

– گوتم: "چۆن"؟

– گوتی: "ژیان لێرە لە دەرەوەی ئیلتیزاماتی زەواج و مێرد خۆشترە"

– گوتم: "ئاخر..."

– گوتی: "ئاخری پێ ناوێ.."، "ژنی کورد بە ڕاستی کە دەگاتە ئەوروپا ئنجا لەوە تێدەگات کە لە وڵاتی خۆی چ زوڵم و زۆرێکی لێ دەکرێت. کە دەگاتە ئەوروپا ئینجا لەوە تێدەگات کە ئەورووپا چ ماف و ئازادییەکی ڕەها و بێ سنووری بۆ ئافرەت دابین کردووە!"

فەرەیدوون کۆنە مامۆستا کیمیام، غەمگین غەمگین، درێژەی بە قسەکانی خۆی دا و گوتی"

– من دەمزانی: دۆستە سوێدییەکەی، ئەندامی دەستەی باڵای ڕێکخراوێکی فەمێنیستەکانی سوێد بوو. من ئەوپەڕی ئازادیم پێ بەخشی بوو: تەنانەت ئەگەر هاموشۆی ڕێکخراوی فێمێنیستەکانیش بکات. دۆستە سویدییەکەی خۆیشی هەر لەوێ دۆزیبۆوە.

مامۆستا فەرەیدوون، ئنجا قورگی پڕ لە گریانێکی زۆر کۆن کەوتەوە هەڵڕشتنی سکاڵاکانی:

– تانیا دەشیزانی کە من جارێ هێشتا قەرزی ساڵانی ڕابردووم بە تەواوەتی نەداوەتەوە: ئەو قەرزە قورسانەی کە بۆ هێنانە دەرەوەی ئەوان، لە ماڵە کوردێک و ماڵە فەلەستینییەکی دراوسێمانم وەرگر تبوو.. کەچی ئەو زۆر بە جورئەت و ڕاستگۆییەوە گوتی:

– دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم!

- چییە؟
- تانیا گوتی: حەز دەکەم لەمەودوا هەردووکمان ئەڵقەکانی پەنجەمان فڕێ بدەین.
- ئەدی پاشان؟
- دوایی تەڵاق؟
- بەڵێ؟
- دوای تەڵاق و جودا بوونەوەمان بە سێ مانگ، مێردی بە سویدییەکەی دۆستی خۆی کرد.))(پیربال، ٢٠٠٢: ١٥٤-١٥٥). تانیا کە پەناهەندێکی کوردە و لە وڵاتی سوید گیرساوەتەوە، دوای ئەوەی کە دەبینێت ئەو هەموو ئازادییە بۆ ئافرەت فەراهەم کراوە و بە ویستی خۆیان چییان بوێت ئەنجامی دەدەن. دوای ماوەیەکی کەم تانیا بە هاوسەرەکەی (مامۆستا فەرەیدون) دەڵێت ئیتر دەمەوێت لە یەکتر جیاببینەوە و هەریەکەمان بە ڕێگای خۆمان دابڕۆین و بە جۆرێکی تر ژیان بکەین. واتە لەم گرێبەستە هاوسەرگیرییە ڕۆژهەڵاتییە بێزار بووە، دەیەوێت وەک ئافرەتە ئەوروپاییەکان خۆی بنوێنێتەوە و بچێ لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا دیسانەوە ئەم پرۆسەیە دروست بکاتەوە و ئیتر ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت. بەهەمان شێوە هەڵاڵەش داوا لە شێرزاد دەکات، لێی جیا ببێتەوە. لە دادگا بە قازی دەڵێت: ((ئیتر نامەوێت لەگەڵی بژیم تەنانەت بۆ یەک سەعاتیش دەمەوێت هەر ئێستا بە شێوەی یاسای لێی جیابمەوە، هەر ئێستا)) (نەهایی، ٢٠١٨: ٢٥٩). هەروەها (مورتەزا و فەرەحناز) کە دوو هاوسەری پەناهەندەی ئێرانی بوون ئەوانیش لەیەکتر جیابوونەوە. بۆ ئەمە مەحەمەدی حاجی زادە ویستی بڵێت: ((وەختێ مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی دێتە ئەورووپا پێویست وایە خۆی لەگەڵ نەریتی ئەورووپا بگونجێنێت و فێر ببێت وەکو ئەوان بیر بکاتەوە...)) (پیربال، ٢٠١٠: ١٥٨). واتە مەحەمەدی حاجی زادە دەیەوێت بڵێت، پەناهەندە لە ئەوروپا پێویستە وەک ڕۆژئاواییەکان خۆی بنوێنێتەوە و وەک ئەوان ژیان بکات، مورتەزا بۆ پاڵپشتی قسەکەی مەحەمەدی حاجی زادە گوتی:((- من بە تەواوەتی لەگەڵ ئەم ڕایەدام. ڕاستە. هەر ئەمەش بووە هۆی جودابوونەوەی من و فەرەحناز تا هەتایە ئێرانی بوون بۆ ئێمە بەس نەبوو، منیش و ئەویش پێویستمان بە (شتێکی دیکە) هەبوو.. پێویستمان بە کەسێکی ئەورووپی هەبوو)) (پیربال، ٢٠١٠: ١٥٨). کەواتە ئەمانە ئەو نموونانەن کە ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی، دوای ئەوەی کە بەو کولتوور و جۆرە ژیانەی ڕۆژئاوا ئاشنا دەبن، دوای ئەوەی کە دەبینن لە وڵاتانی ڕۆژئاوا هەموو جۆرە ئازادییەک دراوە بە ئافرەت، بۆیە وەک ئافرەتی ڕۆژئاوایی خۆیان دەنوێننەوە و تاقەتی ئەو گرێبەستە هاوسەرگیرییە ڕۆژهەڵاتییەیان نامێنێت و داوای جیابوونەوە لە پیاوەکانیان دەکەن. واتە ئافرەتە پەناهەندەکان بەگشتی واز لە کولتوور و شێوازی ژیانی ڕابردووی خۆیان دەهێنن و دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو کولتوورە نوێیە و هەموو شتێکی ڕابردووی خۆیان فەرامۆش دەکەن، واتە وەک ئافرەتە ئەوروپییەکان خۆیان دەنوێننەوە و ڕەفتار دەکەن. هەر سەبارەت بە جیاوازی کولتووی لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، پەیوەست بە جیاوازی خۆ نواندنەوەی تاکی ڕۆژهەڵاتی و تاکی ڕۆژئاوایی، یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو ڕۆمانی (بۆنی دایک) باس لەوە دەکات کە ئەوکاتەی لە کۆلێژ خوێندوویەتی ڕۆژێک مامۆستا پێی ڕاگەیاندین هەفتەی داهاتوو بۆنەیەکمان هەیە کە پێی دەڵێن (ڕۆژی کولتووری) و دەبێت هەمووشمان تیایدا بەشدار بین. پێویستە فێرخوازان جلوبەرگی نەتەوەیی بپۆشن. ژەمە خۆراکی کولتووری خۆیان بهێنن و باسێک لەبارەی فەرهەنگ و کەلەپووری خۆیانەوە پێشکەش بکەن. بە بیستنی هەواڵەکە ئاسوودە بووم هەم جلی کوردیم هەبوو. هەمیشە بۆ ئامادەکردنی خواردەمەنی و قسەکردن لەبارەی فەرهەنگ و کولتوورەوە گرفتم نەبوو، دەڵێت لە ڕۆژی دیاریکراودا کە تایبەت بوو بە ڕۆژی کولتووری تێیدا ئامادە بووین (خەیاڵی)ش کە یەکێکە لە ئافرەتە پەناهەندە کوردەکانی ناو ڕۆمانی (بۆنی دایک) بە جۆرێک خۆی ڕازاندبووەوە کە ببووە جێی سەرنجی تەواوی بەشداربووانی ناو بۆنەکە و جلوبەرگێکی جوان و سیمایەکی جوان و سەرنجڕاکێشی هەبوو، کە ببووە جێگای سەرنجی ئامادەبووان و بەشداربووان. بەهۆی جوانییەکەیەوە مامۆستاکەمان کە کارەکتەرێکی ڕۆژئاواییە چاوی کەوتبووە سەری و دڵی لێی چووبوو. هەروەکو دەڵێت لە بۆنەکەدا((دوای چەند خولەکێک مامۆستا بە دوو پەرداخ شەرابی سوورەوە هاتە تەنیشتم پەرداخێکی بۆ ڕاگرتم -بەڕێزەوە گوتم مامۆستا من ئەلکهول ناخۆمەوە. زۆر سوپاس.

– ماموستاش گوتی ئەمڕۆ ئاهەنگە، تەنها پەرداخێک بخۆرەوە کێشە نابێت.
– گوتم: نا، من هەرگیز نەمخواردووەتەوە ببوورە.
–ماموستاکە بە گوێمیدا چپاند ئەزانی ئەمڕۆ خەیاڵ زۆر سەرنجڕاکێشە؟
– ئەمڕۆ؟ بۆ ئەو هەستەت هەیە ئەمڕۆ؟
– تەنها ویستم بڵێم ئەمڕۆ زۆر جوان دەردەکەوێت.
– ڕەنگە بۆنەکە ژینگەی کۆلێژی گۆڕیبێت و جلەکانیش ئەو جیاوازییە دروست بکەن، بەڵام ئەو هەر ژنەکەی دوێنێیە. ئەی وانییە؟
– من ئەمەوێ زیاتر لە بارەوەی بزانم.
– باشتر وایە لە خۆی بپرسیت.
– ئاخر بەباشی لە من تێناگات. (لەبەر ئەوەی تۆ گەمژەیت هەڵبەت لە دڵی خۆمدا ئەمەم گوت)
– بۆ وەڵامم نادەیتەوە تۆ حاڵت باشە؟
– من کە باشی باشم بەس خەمی تۆ و پیشەکەتمە لە دڵی خۆمدا گوتم ماموستا تۆ پیاوێکی زۆر گەمژەیت ئەوە خۆ ئەورووپی نییە تا بیرەیەکی بۆ بکڕیت و ببنە هاوڕێ ئیدی هەموو شتێکتان حەڵاڵ بێت و پێکەوە بژین. نا نا ماموستا تۆ هێشتا زۆرت ماوە لە کولتوورەکەمان تێبگەی ئەو ژنە کوردە و پێش ئەوە ماچێکی بکەیت. دەبێت بڕێک پارەی زۆر سەرف بکەیت، بۆ ئاڵتوون و مارەیی و شەکراو خواردنەوە. ئینجا دەتوانیت بە ئازادی پیاسەیەکی لەگەڵ بکەیت و لە کونجی ژوورێکی تاریک تاریکدا ماچێکی شەرمنانەی بکەیت ئەویش بە بێدەنگی. ))(ئەحمەد، ٢٠١٩: ١٠٤–١٠٥). لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین پەناهەندە کوردەکە، پارێزگاری لە کولتووری ڕەسەنی خۆی دەکات و وەک کەسێکی ڕۆژهەڵاتی خۆی دەنوێنێتەوە. تەنانەت بە پرسیارکردن دەربارەی ئەو کچە پەناهەندە کوردە ناڕەحەت دەبێت و پێی ناخۆشە، واتە پەناهەندە کوردەکە وەک شەڕەفی خۆی تەماشای ئەو ئافرەتە کوردە دەکات پێی ناخۆشە ئەو ماموستایە چاوی لەسەریەتی، هەمان ئەو هەستە کوردییەی هەیە و وەک تاکێکی کوردی پابەند بە کولتوورەوە خۆی دەنوێنێتەوە. نایەوێت لەناو کولتووری ڕۆژئاواییدا بتوێتەوە. بەپێچەوانەوە کارەکتەر ڕۆژئاواییەکە دەیەوێت کارەکتەرە پەناهەندەکە لەناو کولتووری خۆیدا بتوێنێتەوە و وەک ئەوان ڕەفتار بکات، بەڵام کارەکتەرە پەناهەندەکە پارێزگاری لە بوون و لە کولتووری خۆی دەکات، نایەوێت بکەوێتە ژێر ڕکێفی کولتووری ڕۆژئاواییەوە. پەناهەندەکە دەیەوێت بڵێت ئافرەت لە کولتووری ئێمەدا شتێکی بێ ئەرزش و کەم بەها نییە، کە بتەوێ بە دوو قسەی خۆش و کڕینی خواردنەوەیەک چیت بوێ لەگەڵی ئەنجام بدەی. بەڵکو لە لای ئێمە ئافرەت شتێکی زۆر گرنگە و دەبێت بە پێی شەرعی ئیسلام و بەپێی کولتوور و بە ئاگاداری کەسوکاری داوای بکەیت و مارەی بکەی. ئینجا دەتوانی لە ماڵەوە دوور لە چاوی هەموو خەڵک ماچی بکەیت.

خاڵێکی تری جیاوازی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ئەوەیە، کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە نێوان هەردوو ڕەگەزی ( نێر و مێ)دا وشەکانی خوشک و برا بەکارناهێندرێ. ئەمە بە پێچەوانەی میللەتانی ڕۆژهەڵاتە. لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ هیچ جۆرە هەستێکی سۆزداری دروست نەبێت بە خوشک و برا یەکتری بانگ دەکەن، بەڵام وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەم جۆرە پەیوەندییە دینی و خوێنی و خێڵەکیەیان تێپەڕاندووە و وەک دوو هاوڕێ یان وەک دوو مرۆڤ، کە هەریەکەیان خاوەنی ڕەگەزی جیاوازن لەگەڵ یەکتر مامەڵە دەکەن. هەروەک سەربەست کە پەناهەندەیەکی کوردە دەڵێت: ((من ڕۆژانە گوێم لە پەنابەران و منداڵەکانیان دەبێت کە بە براکەم یەکتر بانگ دەکەن و هەندێک لە کچانی سۆماڵی و عەرەبیش بە خوشکەکەم قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن، بەڵام سەربەست هەوڵی دا بە جددییەوە قسە بکات سەیر بکە ئەو دوو وشەیە ڕەگێکی ئایینی و خێڵەکییان هەیە و مرۆڤەکان لەسەر پەیوەندی خوێن دەبەستن بە یەکترەوە کە ترسی پەیوەندی سێکسی حەرام دوور دەخەنەوە تۆ دەتوانی لە ناو دەستە و ڕێکخراوە ئیسلامییەکاندا ئەو دوو وشەیە ببینیتەوە کە لەجیاتی هاوڕێ و هەڤاڵ یەکتری پێ بانگ دەکەن. بەڵام تاڕادەیەکی زۆر ڕۆژئاوا پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی خوێن و خێڵ تێ پەڕاندووە. ئێستا من و تۆ خوشک و برای یەکتر نین و لە ترسی گوناهێکی

جەستەییش وا یەکتر بانگ ناکەین، بەڵکو دوو هاوڕێین کە لە شەمەندەفەرێکدا بەیەکەوەین و وەک دوو مرۆڤ کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا دەمانبەستن بەیەکەوە. بەڵام منداڵانی پەنابەران بە بەربڵاوی وشەی براکەم و خوشکەکەم بە کار دێنن)) (مەحەمەد، ٢٠١٨: ١٦١-١٦٢). لێرەدا سەربەست کە پەناهەندەیەکی ڕۆژهەڵاتییە وەک تاکێکی ڕۆژئاوایی خۆی دەنوێنێتەوە. بە کچە هاوڕێکەی دەڵێت من و تۆ وەک دوو هاوڕێ، یان وەک دوو کەس واین، کە هەر یەکەمان خاوەنی ڕەگەزێکی سەربەخۆ و جیاوازین. لێرەدا سەربەست نایەوێت پەیڕەوی کولتووری کۆمەڵ موسوڵمانەکان بکاتەوە و نایاوێت وەک تاکێکی ڕۆژهەڵاتی بیر بکاتەوە و خۆی بنوێنێتەوە، کە وشەکانی براکەم و خوشکەکەم بەکاردێنن بۆ ئەوەی خۆیان لە پەیوەندیی ناشەرعی دوور بخەنەوە.

جیاوازییەکی تر لە کولتووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواییدا ئەوەیە، کە لە کولتووری ڕۆژهەڵاتیدا کاتێک کەسێک دەمرێت خەڵکی دەوروبەرەکەی و خزم و نزیکەکانی زۆر بۆی بە پەرۆشن و هەموویان لە دەوری خاوەن مردووەکە کۆدەبنەوە و هەوڵ دەدەن دڵنەوایی بکەن. کەمێک لەو خەم و کۆستەی بە لەدەستدانی ئازیزەکەیان دروستبووە، کەم بکەنەوە. بۆیە زۆرترین خەڵک بەشداری لە مەراسیمی ناشتن و پرسەی کۆچکردووەکەدا دەکەن. واتە ئامادەبوونی زۆرترین کەس و کۆمەڵانی خەڵک لە ((بەڕێکردنی کۆچکردوواندا بۆ گۆڕستان و ئامادەبوونیان لە ڕۆژانی پرسە مانای پەرۆشی کۆمەڵی کوردی بووە لە مردووەکانی))(ئەنوەر، ٢٠١١: ٢٧). بە پێچەوانەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا کاتێک کەسێک دەمرێت خەڵک بەشداری لە مەراسیمی ناشتن و پرسەی یەکتردا ناکەن و بەپەرۆش و هاوخەم نیین لەگەڵ یەکتری. دەبینین شکۆ کە پەناهەندەیەکی کوردە لەگەڵ پیاوێکی پیری کەنەدی بەمجۆرە باسی ئەو دوو کولتوورە جیاوازەمان بۆ دەکەن و پیاوە کەنەدییەکە دەڵێت: ((کە باوکم مرد کەسمان نەبوو سندووقی تەرمەکەمان لەگەڵ بخاتە ناو تومبێل تا بیبەینە گۆرستان ناچار بووم بچم لە دەرگەی ماڵە هاوسێکەمان بدەم بە زەحمەت چوار کەسم پەیدا کرد، ماڵی شکۆ نۆزدە ساڵە لە کۆڵانێکە هەتا ئێستا ناوی هاوسێکانی ئەولاو ئەولای نازانێت ئەگەر بە زستان لە کاتی بەفر بارین لەبەر دەرگا یەکتر ببینن سڵاوێک لێک دەکەن ئەگەرنا هەتا ئێستا قسەیان نەکردووە. بە قسەی ئەو برادەرەی، شکۆ ئەو ڕۆژانەی بیر کەوتەوە کە یەکێک لە کۆڵانەکەیان دەمرد هەواڵەکە بە خێرایی بڵاودەبووەوە. خەڵک بەسەر ماڵی خاوەن مردوو وەردەبوون. یەکسەر چەند کەسێک دەچوونە سەر گۆڕستان و گۆڕیان لێدەدا هەندێکی تریش تەرمەکەیان دەبردە مزگەوت مەیت شۆر دەمودەست ئامادە دەبوو تەرمەکەی دەشوشت و کفن دەکرا. کە گۆڕ لێدان تەواو دەبوو دەخرایە ناو دارمەیت چوار کەس بەرزیان دەکردەوە هەتا تەرمەکەیان دەگەیاندە گۆڕستان. خەڵکێکی زۆر لەگەڵی دەچوون لە ڕێگا دەبووە پاڵ پاڵێنێ بۆ ئەوەی بەرت کەوێت کەمێک شان بدەینە بەر دارە مەیتەکە. شکۆ دەترسێت ئەگەر لە تاراوگە بمرێت، جگە لە خەمی مردنی ناشتنی جەنازەکەشی گرفتێکی تر بۆ هاوسەرەکەی منداڵەکانی زیاد بکات لەبەر ئەوە نیگەرانی هاتنی ئەو ڕۆژەیە و کەس ناتوانێ دوای خات ئەویش بە تەمەندا چووە و ئەو ڕۆژە نزیک دەبێتەوە حەز دەکا بچێتەوە کوردستان لەوێندەر بمرێت هەر بۆ ئەم مەبەستە داوای لە فەرخ کردووە لە گۆڕستانی کانی کۆتران جێ گۆڕەکی بۆ دابنێن))(بەرزنجی، ٢٠١٨: ٤٣-٤٤). لێرەدا شکۆ دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات لە ئەوپەڕی بەهێزیدایە. بۆ نموونە کاتێک کەسێکی ئازیزت لە دەست دەدەی، هاوسێیەکەت یان دەوروبەرەکەت هەموو ئەرک و قورساییەکە دەگرنە ئەستۆی خۆیان، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا ئەمە ڕێک بە پێچەوانەوەیە ئەم مەراسیمە بە جۆرێک سارد و سڕە ،کەس کاری بەسەر هیچ کەسەوە نییە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژئاوا لە ئەوپەڕی کزیدایە. هیچ جۆرە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان خێزانەکاندا بوونی نییە، بەڵکو دەسەڵات لە ڕۆژئاوا هەموو کارێک بە ئەنجام دەگەیەنێت. لە کۆتاییدا شکۆ وەک کارەکتەرێکی ڕۆژهەڵاتی خۆی دەنوێنێتەوە و دەیەوێت بڵێت من ئێستا دەمەوێت بچمەوە لە وڵاتی خۆم بمرم، نامەوێت لەو وڵاتە سارد و سڕەدا بمرم. وا خۆی دەنوێنێتەوە، کە بێزارە لە ڕۆژئاوا دەیەوێ بگەڕێتەوە ناو کەسوکارەکەی خۆی و لە زێد و خاکی خۆیدا بمرێت. بە بۆچوونی ئێمە ئەم پرۆسەیە (مەراسیمی مردوو ناشتن و پرسە) لە کولتووری ڕۆژهەڵاتیدا باشتر و بەجێترە بە بەراورد بە وڵاتانی ڕۆژئاوا، چونکە ئەوکاتەی خاوەن مردوو کەسە ئازیزەکەی لە دەست داوە زۆر بە پەرۆشە، زۆر غەمگینە،

بەڵام کاتێک ئەو هەموو خەڵکە لە دەوری کۆدەبێتەوە کەمێک لەو ئازار و میحنەت و قورساییەی سەرشانی کەم دەبێتەوە و دەوروبەرەکەی هاوسۆز و هاوخەمی لەگەڵ نیشان دەدەن بەو هۆیەوە دەروونی ئارامتر دەبێتەوە.

لەمەڕ بەها و بیروباوەڕ، ئێمەی کورد جیاواز بیر دەکەینەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و لە عەقڵی ڕۆژئاوایی. (فەرهاد) کە نواندنەوەی تاکی کوردی دەکات. پێی وایە کە لە ڕێگای هونەر و وێنە کێشانەوە دەتوانێت ناسنامەی نەتەوەیی خۆی، کە کوردە بە وڵاتانی ئەورووپا بناسێنێت. بنیادی کارەکتەر لەم ڕۆمانەدا بەتایبەتی فەرهاد ((وەک کارەکتەرێکی بەشدار لە ڕووداوەکان دەرکەوێ، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە هەر بەناوی ڕاستەقینەی خۆی بەشداری تێدا کردووە، تەنانەت ئەم حاڵەتە وایکردووە لەپاڵ بەشداریکردنی ناوبراو لەسەر ئاستی ڕووداوەکاندا لە هەمان کاتدا ڕۆڵی حیکایەتخوازی هەمانشتزانیشی بینیووە.)) (عومەر، ٢٠١٥، ل١٠٠) بەڵام مسیۆلوسیانە کە هاوڵاتییەکی بە ڕەگەز جولەکەی ئەورووپییە بەم جۆرە نوێنەری عەقڵی ئەوروپی دەکاتەوە و دەڵێت: ئەگەر تۆ هەر وێنەیەک بکێشی هەر چەندە جوان بێ، ناتوانێت بگاتە ئاستی هونەری هونەرمەندە بەرزەکانی ئێمە. لەبەرئەوە باشتر وایە تۆ لە ڕێگەی ئابووری و بازرگانییەوە ناسنامەی نەتەوە و میللەتەکەی خۆت بە ئەوروپا بناسێنی. ئەمە جیاوازیی بیرکردنەوەیە، واتە فەرهاد دەیەوێت لە ڕێگەی هونەرەوە نواندنەوە بۆ کۆمەڵی کوردی بکات و کورد بە ئەوروپا بناسێنێت، بەڵام مسیۆلوسییانە پێی وایە ئەو ڕێگایە هەڵەیە و دەڵێت: ((- تۆ دەتەوێ بە نیگارکێشان دەوڵەمەند ببیت؟

-گوتم نەخێر، بە هۆی نیگارکێشانەوە زیاتر دەمەوێ هونەری خۆم و ناسنامەی کورد بە ئەوروپا بناسێنم.

- مسیۆلوسیانە لە وەڵامی قسەی مندا گوتی: چیی؟ ئەگەر مەبەستت دەوڵەمەندبوون بێ یا مەبەستت ناساندنی ناسنامەی کورد بە ئەوروپا لە هەردوو حاڵەتدا، تۆ بە نیگارکێشان ناتوانی لە ئامانجی خۆتدا سەربکەویت.

- گوتم: بۆچی؟

- گوتی: چونکە تۆ چەندێک لە نیگارکێشاندا شارەزا و بلیمەتیش بیت، هەرگیز ناتوانیت کێبەرکێ لەگەڵ ئەم گەورە هونەرمەندانەی ئەورووپا بکەیت، کە بلیمەتی و هونەرەکەیان لە کەسانی وەک داڤینشیپی پیکاسۆوە بۆماوەتەوە.

- مسیۆلوسیانە کە جوولەکە بوو بە ڕاستی بە عەقڵێکی جوولەکانی دەیڕوانی مەسەلەکە دەیگو بۆیە بە ڕای من وا باشترە تۆ بچیت برنج و نیسک و نۆکی کوردستان بێنیتە ئێرە و لێرە بیانفرۆشی. تۆ بەم شێوەیە باشتر دەتوانی دەوڵەمەند ببیت و کورد بە ئەوروپا بناسێنێت. تۆ هەرگیز ناتوانی ناسنامەی خۆت و ناسنامەی کورد لە ڕێگای نیگارکێشانەوە بگەیەنیتە ئەوروپا، چونکە ئێوەی کورد هەرگیز ناتوانن لە ڕووی هونەرییەوە مونافەسە لەگەڵ ئەوروپا بکەن.)) (پیربال،٢٠١٠: ١٧٢-١٧٣). فەرهاد کە نوێنەری نەتەوەی کوردە لە ڕێگای کاری هونەرەوەیە دەیەوێت نەتەوەی کورد بە ڕۆژئاوا بناسێنێت. واتە بە شێوازێکی جیاواز بیر دەکاتەوە و لە ڕێگای جیاوازەوە دەیەوێت ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بە ڕۆژئاوا بناسێنێت، بەڵام مسیۆلسیانە کە تاکێکی ڕۆژئاواییە دەڵێت ئەگەر دەتەوێت ناسنامەی خۆت بە وڵاتانی ڕۆژئاوا بناسێنی ئەوە پێویستە تۆ لە ڕێگای بازرگانی و لە ڕێگای ئابوورییەوە دەسەڵاتی خۆت بەهێز بکەی یاخود کورد بە ڕۆژئاوا بناسێنی. لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونەی میسیۆ لوسییانە بۆ ئەمڕۆ دروست و بەجێیە. لەمڕۆدا ئەگەر لە ڕوانگەی ئابوورییەوە دەسەڵاتێکی بەهێزت هەبێت، ئەوا دەتوانی زۆر بە ئاسانی ناسنامەی نەتەوەیی خۆت بە جیهان و ڕۆژئاوا بناسێنی. بۆ نموونە هەریەک لە وڵاتانی وەک (سەنگافورە، قەتەر)، چونکە لە ڕووی ئابوورییەوە بەهێزن، دەبینین هەموو جیهان دەیانناسێت.

دارا باس لەوە دەکات، کە لە پاریس لەگەڵ ژنە ڕۆماننووسێکی فەڕەنسیدا دادەنیشێت و باسی جیاوازی دنیابینییان بۆ هونەر و ژیان دەکات. جیاوازی دنیابینی و چۆنێتی ژیانکردنی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوامان نیشان دەدات لەسەر زمانی دوو کارەکتەرەوە، دارا کە پەناهەندەیەکی ڕۆژهەڵاتییە و ئۆریاناش کارەکتەرێکی ڕۆژئاواییە. ئۆریانە باس لە چۆنیەتی ژیان و چۆنیەتی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایی دەکات و بەراوردییان دەکات. ئۆریانا لە قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە خەڵکی ڕۆژهەڵات بیرناکەنەوە بۆ ئەوەی کە خۆشتر و باشتر بژین. بەڵکو دەژین لە پێناوی مانەوەدا. واتە هیچ ئامانج و پلانێکیان نییە بۆ داهاتوو. هەوڵ نادەن کە بار و گوزەران و شێوازی ژیانیان گۆڕانی بەسەردا بێنن. هەروەک دەڵێت: ((- ئێوەی ڕۆژهەڵاتی دەژین تەنیا لە پێناو ئەوەی بژین بێ ئەوەی هیچ بیر بکەنەوە.

– ئەدی ئێوە؟
– ئێمەی ڕۆژئاوایی بیر دەکەینەوە لە پێناوی ئەوەی کە چۆن باشتر و خۆشتر بژین، واتە چۆن ئێوەی ڕۆژهەڵاتی دەژین ئێمەی ڕۆژئاوایی بیر دەکەینەوە چۆن بژین.
– من هێشتا بیرم لە قسەکەی ئۆریانا دەکردەوە گوتی هەر بۆیەش لەناو هونەردا دەبینین حاڵەتەکە پێچەوانەیە. )) (پیربال،٢٠٠٢: ٤٣). واتە وڵاتانی ڕۆژئاوا هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان کە داهاتوویەکی باشتر و گەشتر بۆخۆیان بنیادبنێن و ژیانێکی لە ڕووی چۆنیەتییەوە بەرزتر بژین. بەواتایەکی دیکە ڕۆژئاواییەکان لە پێناوی مانەوەدا ناژین، بەڵکو لە پێناوی ئەوەدا دەژین کە چۆن خۆشتر بژین.
ئۆریانا دێتە سەر نیشاندانی جیاوازی لە هونەردا لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا. بێگومان سەبارەت بە هونەریش ئۆریانا ئەو جیاوازییەمان بۆ دەخاتەڕوو کە دەڵێت وێنەکانی ئێمە (ڕۆژئاوایی) زیاتر ڕەنگدانەوەی واقیعن (ڕیالیزمینە) بە پێچەوانەوە ئەو تابلۆیانەی کە ڕۆژهەڵاتییەکان دەیکێشن پڕە لە هەست و سۆز و پڕە لە خەیاڵ.
((– لەناو هونەردا ئێوەی ڕۆژهەڵاتی بیر دەکەنەوە ئێمەی ڕۆژئاوایی دەژین.
–گوتم حەز دەکەم مەبەستی خۆتم باشتر بۆ ڕوون بکەیتەوە.
– ئۆریانە بە جەسارەتەوە هاتەوە دووان گوتی لەناو ئەدەبییات و هونەردا ئێوە هونەر و ئەدەبیاتی خۆتان پڕ دەکەن لە هەست و نەست و سۆز و باوەڕ، ئێمەش پڕیان دەکەین لە ژیان.
– گوتم ئەمە واتای چی دەگەیەنێ؟
– گوتی ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمەی ڕۆژئاوایی باشتر و خۆشتر دەژین گەرمتر باوەش بە ژیاندا دەکەین.)) (پیربال،٢٠٠٢: ٤٣).
یەکێکی دیکە لە کولتووری جوانەکانی کۆمەڵی کوردی کە جیاوازە لە ڕۆژئاوا ئەویش ئەوەیە، کە کوردەکان زۆر میواندۆست و میوانپەروەرن، زۆر بەلایانەوە گرنگە دڵی میوان ڕابگرن. هەمیشە لە هەموو ڕوویەکەوە باشترینەکان پێشکەش بە میوان دەکەن. ئەمەش بە شایەتی میللەتانی دیکە ئەو ڕاستییە پشتڕاست کراوەتەوە، بۆ نموونە ئەوکاتەی کە فەرهاد لە ئیتالیا دزی لێکرا لە پۆلیسخانەکە ڕووبەڕووی کەسێکی زەنگینی ئیتالی دەبێتەوە، ئەو کەسە ئیتالیە کە ناوی (بێرناردۆ فێراریە). بێرناردۆ بەوجۆرە باسی دڵ فراوانی و میواندۆستی کوردەکان دەکات و دەڵێت: ((کاتی خۆی لە سەرەتا ساڵانی حەفتا، من ئەندازیار بووم، هاتمە کوردستان، لە ناوچەکانی دەوروبەری دهۆک پرۆژەیەکی ئەندازیاریمان هەبوو. نۆ مانگ لە کوردستان لە ناوچەکانی دەوروبەری دهۆک کارم کردووە.
ئینجا گوتی:
– من دەزانم کورد چەندێک میوان دۆستن، کورد زۆر خزمەتی منیان کردووە لە کوردستان. من خۆم بە قەرداری کوردان دەزانم. ئەمڕۆ کە تۆم بینی لە ناو وڵاتی خۆمدا دزیت لێکراوە شەرمم لە خۆم کردەوە و زۆر نیگەران بووم. تۆ ویژدانی منت بریندار کرد... ئەمڕۆ بە باشترین دەرفەتی دەزانم کە بتوانم پاداشتی چاکەی کورد بدەمەوە. چونکە لە وڵاتی خۆتان، ئێوەی کورد زۆر یارمەتیی منتان داوە. ئەو کاتەی ئەندازیار بووم لە ساڵی ١٩٧١ بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەیەک هاتبوینە شاری دهۆک.)) (پیربال، ٢٠١٠: ٤٤)
لە بەرانبەردا ڕۆژئاواییەکان بە چاوێکی کەم و سوک سەیری پەناهەندەکان دەکەن، لەم بارەیەوە (سەربەست) کە یەکێکە لە پەناهەندەکانی ناو ڕۆمای (هەنار و فریشتەی مردن) باس لەوە دەکات، کە چۆن هەندێک لە نەژاد پەرستەکانی ئەورووپا لە وڵاتی خۆیان چۆن سوکایەتی بە پەناهەندەکان دەکەن و بە چاوێکی کەم سەیر دەکرێن. سەربەست باس لەوە دەکات کە ڕۆژێک لە یەکێک لە وێستگەکانی شەمەندەفەر ((دوو سەرخۆش سەرکەوتن و هاتنە بەردەمی ئەمیش سەری لەسەر شووشەی پەنجەرەکە هەڵگرت و سەیری کردن یەکێک لە سەرخۆشەکان چاوی بڕییە چاوی سەربەست و بە دەم هاوارەوە وتی سەر ڕەشی بەراز، ئەمە وڵاتی تۆ نییە و بگەڕێرەوە بۆ وڵاتە گوەکەت کە ئەهریمەن ناتوانێ تیایدا بژی. سەربەست هیچی نەوت و ئەوانیش بە دەم جنێو و پێکەنینەوە دوور کەوتنەوە))(مەحەمەد، ٢٠١٨: ٢٠٥). ئەمە ئەوە

دەگەیەنێت وڵاتانی ڕۆژئاوا بە پێچەوانەی کوردەکانەوە میواندۆست نین و بەچاوێکی بەرز و بەڕێزەوە تەمەشای میوان و پەناهەندەکان ناکەن.

## 2-3 جیاوازی ناسنامەی ئایینی

جیاوازی ناسنامەی ئاینی ئاماژەیە بۆ جیاوازی نێوان تاکەکان یان گروپەکان لەسەر بنەمای بیروباوەڕ و پەیوەندییە ئایینییەکانیان. ئەم جیاوازییانە بەسودە بۆ ئەوەی کە مرۆڤەکان چۆن خۆیان و ئەوانی دیکە دەبینن، کاریگەرییان لەسەر کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان، داینامیکی کۆمەڵایەتی و هەندێکجاریش دەبێتە هۆی ململانێ یان هاودەنگی. زۆرجار ناسنامەی ئایینی بەستراوەتەوە بە مانای قووڵی کەسی و کولتوورییەوە. ئەمەش وایکردووە ببێتە لایەنێکی بەرچاوی ناسنامەی تاک و دەستەجەمعی.

ناوەڕۆکی ناسنامەی ئاینی ئەو بیروباوەڕانەن کە مرۆڤەکان هەڵیانگرتووە. ئایینە جیاوازەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە سەبارەت بە ڕۆحانیەت، خودا، ئەخلاق، ژیانی دوای مردن و مانای بوون. ئەم جیاوازیانە لە قاڵب دەدەن کە چۆن لایەنگرانی ئایینە جۆراوجۆرەکان لە شوێنی خۆیان لە جیهاندا تێبگەن.

مەحەمەدی حاجی زادە، کە پیاوێکی ئایینی و پەناهەندەیەکی فارسە، سەبارەت بە ڕۆژئاواییەکان بەوجۆرە بیردەکاتەوە و پێی وایە هیچ جۆرە ئینسانیەت و میوان دۆستییەک لە کولتوورەکەیاندا نییە. سەرەتای گەیشتنی بە فەرەنسا مەحەمەدی حاجی زادە سەرەتا ((شانازییەکی یەکجار زۆری بە ئێرانی بوونی خۆی و بە موسڵمانبوونی خۆیەوە دەکرد.

– ئێمەی ئێرانی هەر هیچ نەبێ کولتوورێکی ئەسیڵ و مێژوویەکی دێرین و دینێکی پیرۆزمان هەیە محمدی حاجی زادە زۆر بە گەرمییەوە لەناو نۆستالیژییەی ئێرانیبوونی خۆیدا دەکولا هێشتا جارێ بە تەواوەتی هەستی غەریبی وڵات لە کانگایدا خامۆش نەبووبووەوە...

ئینجا گوتی:

– من ئەمە چەندین مانگە لەناو ئەم چڵکەوەی ئەورووپا دەخولێمەوە.. ئەم فەرەنساییانە کەی بەشەرن!؟ کەی دەزانن ئەخلاق و عادەت و مرۆڤایەتی چییە! باوەڕم پێ بکە.. چەندین مانگ لەم پاریسە دەسووڕێمەوە، تۆ یەکەمین کەسێکی لەگەڵی دابنیشم قاوەیەکی لەگەڵ بخۆمەوە.. دەزانی ئاغای فەرهاد؟ ئەسڵەن یەک بەشەریان، یەک تۆزقاڵ هەست و مرۆڤایەتی و میوان دۆستیان نییە. چین ئەمانە؟

ئینجا گوتی:

– من ئەگەر لێم نەقەومایە چ مەجبوور دەبووم بێم لێرە داوای مافی پەناهندەی لەم بێدین و کافرانە بکەم؟!

من لەو دەمەدا بە دەست خۆم نەبوو پێکەنینم بە ئاوازی قسە کردنی محمدی حاجی زادەدا هاتەوە، هەروەها بە هەندێ لەو وشانەی بە کاری دێنان وەک (کافر) و (بێ دین) دەمێک بوو حەزم دەکرد پێی بڵێم:

– ئاغای محمد.. ئاوازی قسەکردنی جەنابت زۆر لە خوتبەدانی ئیمامی مزگەوتەکان دەچێ

لە کۆتاییدا جەسارەتم کرد قسەکەی پێ بڵێم.

محمدی حاجی زادە لە وەڵامدا یەکسەر گوتی:

– بەڵێ وایە من ئیمامی مزگەوت بووم.

بە سەرسوڕماوییەوە لێم پرسی:

– جەنابت ئیمامی مزگەوت بووی؟

گوتی: بەڵێ، لە مزگەوتی زەینەبە.. لە تاران.

پێم سەیر بوو کە قسەکەم ڕاست دەرچوو.

بە جیدیتە؟

گوتی: بەڵێ من ئیمامی مزگەوتی (زینەبە) بووم لە تاران لە نزیک پردی (کەریمخان).

لەو دەمەدا مورتەزا دەمی قسەی کردەوە:

– بەڵێ ئیتر.. ئێمە لەگەڵ جەنابی حاجی زادە لە تاران هاوگەرەک بووین. خزمی فەرحناسی خێزانەکەمە.
لە دڵی خۆمدا گوتم "لە کۆتاییدا ئەمەتا مەلایەکیشم ناسی کە هاتووە داوای مافی پەناهەندەیی بکا لە پاریس!" ڕووم کردە مورتەزا:
– من بە گاڵتەوە وام گوت.
مورتەزا گوتی:
– نەخێری ئیتر. ئاغای حاجی زادە نەک هەر لە فیقهی ئیسلامی، بەڵکو لە شەریعەتیشدا شارەزایەکی باشی هەیە لە حەوزەی عیلمی تاران وانەی (ئوسووڵی عەقیدەی) دەگوتەوە.))(پیربال،٢٠١٠: ٦٣-٦٤).مەحەمەدی حاجی زادە دەڵێت وڵاتانی ئەوروپا کافر و بێدینن. ئەگەر دینیان هەبووایە مرۆڤ دۆست و بە ویژدان دەبوون، واتە مەحەمەدی حاجی زادە لە ڕوانگەیەکی دینییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەوروپاییەکان دەکات. وەک تاکێکی ڕۆژهەڵاتی خۆی دەنوێنێتەوە. لە بەرانبەردا پێی وایە موسوڵمانەکان خاوەن ویژدانن. دواتر مەحەمەدی حاجی زادە ئاماژە بەوە دەکات، کە لە ناچاریدا هاتووەتە ئەم وڵاتە کافرە و ناو ئەم خەڵکە بێدینەوە. ئەگەر ناچار نەبووایە نەدەهات، چونکە ئەمە وڵاتێکە هیچ جۆرە هەستێکی مرۆڤدۆستی و هیچ جۆرە بەهایەکی مرۆڤایەتی تێدا نییە، چونکە بێدینن. واتە مەحەمەدی حاجی زادە لە گۆشەیەکی ئاینییەوە لە ڕۆژئاوای ڕوانیوە، وەک مەلایەکی ئاینی خۆی نواندۆتەوە.
بەڵام فەرهاد کە پەناهەندەیەکی کوردە بە پێچەوانەی محمدی حاجی زادە بیر دەکاتەوە و دەڵێت: ((ویستم پێی بڵێم: "باشە ئەگەر ڕاستە، کەواتە تۆ بۆچی، بۆخۆت هەر لە ئێران نەمایتەوە ڕاتکردەم ئەورووپایە؟"
لە ڕووم نەهات تەنانەت پێشی بڵێم "خۆ هیچ نەبێ ئەورووپا ئەمەتا باوەشی بۆت کردووەتەوە و هیچت لێ ناکا، کەچی وڵاتی خۆت، لە وڵاتی خۆت دەری کردیت و ئاوارەی کردووی"
ئاوهام پێ نەگوت، گوتم:
– من باوەڕناکەم ئەورووپا ئەو ناڕەواییانە دەرحەق بە هاوڵاتییانی خۆی بکات کە عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێران دەرهەق بە هاوڵاتییانی خۆیانی دەکەن.)) (پیربال، ٢٠١٠: ٦٢). واتە فەرهاد وەک مەحەمەدی حاجی زادە لە هەمان ئەو ڕوانگە ئاینییەوە لە ئەوروپا ناڕوانێت. ئەو پێی وایە وڵاتانی ڕۆژئاوا باوەشیان بۆ پەناهەندەکان کردووەتەوە کە تێیدا نیشتەجێ ببن و بە ئازادی مومارەسەی ژیانی خۆیان بکەن. پێی وایە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان زۆر شتیان بەخشیوە بە پەناهەندەکان و کەشێکی وایان خوڵقاندووە کە وەک مرۆڤ سەیری خۆیان بکەن و هەست بەبوونی خۆیان بکەن. لە کاتێکدا لە وڵاتەکانی خۆیان لە زۆر ماف بێ بەش بوون.
دواتر فەرهاد باسی ئەوە دەکات، کە لە هیچ وڵاتێکی موسڵماندا پەناهەندە ناگیرسێننەوە و نامێننەوە. ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە سیستەمی حوکمڕانی ئەم وڵاتە موسوڵمانانە دیکتاتۆرییە و بەها مرۆڤایەتییەکانی تێدا پێشێلکراوە و ڕێز لە بیر و بۆچوونی جیاواز ناگیرێت. لەم بارەیەوە فەرهاد باسی ئەوە دەکات، هەر لە یەکەم ساتەکانی یەکتر ناسینمان لەگەڵ مسیۆلوسیانە لێمی پرسی ((ڕات بەرانبەر ئەو سیستەمەی کۆماری ئیسلامیی ئێران چییە؟
من باش لە پرسیارەکەی نەگەیشتم گوتم:
–سیستەم وابزانم دەبوویست باشتر بمناسێ
گوتی:
– تۆ هەشت مانگان لە ئێران ژیاوی.. لەوێ چیت بینی؟ هەستت بە چی کرد؟ ئاخۆ مرۆڤ.. لەوێ باشتر دەژین یان لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا؟ ... بیرێکم لە پرسیارەکەی کردەوە و لێم پرسی:
– بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەکرێ پرسیارێک لە جەنابت بکەم؟
– بێگومان
–گوتم: ژمارەی ئەو مرۆڤە ڕۆژهەڵاتییانەی لە وڵاتانی ئەورووپا دەژین لە چاو بەو مرۆڤە ئەورووپاییانەی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات دەژین چەندە؟
وەک شتێک بەر سەری کەوتبێ گوتی: چی؟

گوتم: بۆچی لە هیچ ولاتێکی موسڵماندا دوو پەناهەندەی ڕۆژئاوایی نابینین؟)) (پیربال، ٢٠١٠: ٨٠). واتە فەرهاد دەیەوێت پێمان بڵێت لە ولاتانی ئەورووپا مرۆڤ دەتوانێت خۆی بدۆزێتەوە. دەتوانێ بە ئاسانی مومارەسەی ئازادییەکانی خۆی بکات. پێی وایە لە ولاتانی ڕۆژئاوادا هەموو ئازادییەک هەیە و دەتوانێت بەرجەستەی بکاتەوە. ئەمە ڕێک بە پێچەوانەی ولاتانی ڕۆژهەلاتە کە مرۆڤ لە قالب دەدات و ناهێلێت ئازادییە تاکەکەسییەکانی خۆی بەرجەستە بکات، لەبەر کۆمەلێک کۆت و بەندی ئایینی. مسیۆلوسیانە ئەو بۆچوونەی فەرهاد پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت:: ((خۆ منیش دەزانم، هەڵبەتا. مرۆڤ لای ئێوە ئەگەر باشتر بژیایە تۆ بۆچی پەنات دەبردە بەر ئەورووپا؟

– جا بە هەمان مەبەستی دلدانەوەی من شتێکی دیکەشت پێ بڵێم: بەشێکی زۆر لە جولەکەکانی پرتوگالیش ئەو ولاتەی کە من تێیدا لە دایک بووم بە ئەسڵ مەغریبین بریتین لەو جوولەکانەی کە لە دەست زوڵمی ڕژیمی ئیسلامی مەغریب وەختی خۆی پەنایان بردووەتە بەر پرتوگال)) (پیربال، ٢٠١٠: ٨٢). کەواتە لە ولاتە ئیسلامییەکاندا ئازادی بیروڕاو یەکسانی کۆمەلایەتی و یاسا نییە، بۆیە دەبینین موسولمانەکان لە ڕۆژئاوا دەبن بە پەناهەندە و لەوێ دەگیرسێنەوە.

جیاوازییەکی دیکەی پەیوەست بە ئایینەوە لە نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا ئەوەیە، کە لە ڕۆژئاوادا تەوقەکردن لەنێوان پیاو و ئافرەتدا شتێکی ئاساییە، بەلام لە کۆمەلگە موسڵمانەکاندا بە پێی ئاین پیرۆزی ئیسلام ئەمە شتێکی حەرام و قەدەغەکراوە و ڕێگەپێدراو نییە. پیاو نابێت تەوقە لەگەڵ ئافرەتێک بکات کە مەحرەمی نەبێت. ئەمە زیاتر پەیوەندی بە ئایینەوە هەیە، چونکە لە ئایندا تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم گوناهێکی گەورەیە، ئەمەش پشت ئەستورە بە بەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ)، کە دەفەرموێت: ((لأن يطعن في رأس أحدكم بمخيط من حديد خير له من أن يمس إمرأة لا تحل له)). (رواه الطبراني والبيهقي ورجال الطبراني ثقات رجال الصحيح. وصححه الألباني في صحيح الترغيب، برقم: 1910) واتە: ئەگەر یەکێک لە ئێوە سەری بە دەرزی ئاسن کون بکرێ، چاکترە لەوەی دەستی بەردەستی ئافرەتێک بکەوێ کە بۆی حەلاڵ نەبێ .

بەلام لە کۆمەڵ ڕۆژئاواییەکاندا تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەت ئاساییە و بووە بە کولتوور و لە ڕووی ئایینیشەوە لای ئەوان هیچ ڕێگرییەک نییە. شکۆ باس لەوە دەکات کە ڕۆژێک چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ((ئافرەتێکی باریکەلەی بالابەرز هەبوو. لەو ولاتە پێشکەوتووانە زۆر جار تەمەنی هەندێ کەس لە خۆی بچووکتر دیارە. شکۆ ئەو ئافرەتەی بە دەوری سی ساڵ مەزەندە کرد یەکسەر چووە سەر مێزەکەی ئەو و تەوقەیان کرد.

– دوای تەوقەکە گوتی: ڕاستە دەڵێن هەندێک پیاو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست تەوقە لەگەڵ ئافرەت ناکەن.

– بەڵێ پیاو و ئافرەتە توندڕەوەکان)) (بەرزنجی٢٠١٨: ١٣٣-١٣٤). لێرەدا شکۆ وەک کارەکتەرێکی ڕۆژئاوایی خۆی دەنوێنێتەوە و تەوقە لەگەڵ ئافرەتەکە دەکات و بەلایەوە ئاساییە. هەروەها لە ڕوانگەی شکۆوە پیاو ئەگەر تەوقە لەگەڵ ئافرەت نەکات ئەوە کەسێکی توندڕەوە. واتە شکۆ وەک ڕۆژئاواییەکان خۆی دەنوێنێتەوە.

هەر لە ڕوانگەی دینەوە خاڵێکی تری جیاوازی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا ئەوەیە، لە ولاتانی ڕۆژئاوا خواردنەوەی مەی تا ڕاددەیەک ڕێگە پێدراوە و لە دین و کولتووری ئەواندا شتێکی ئاساییە. بەلام لە کۆمەڵگەی موسڵمانەکاندا بەهۆی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە، خوارنەوەی مەی شتێکی حەرامە و ڕێگەپێدراو نییە. بەڵکو لە گوناهە گەورەکانە. بۆیە لەئایینی پیرۆزی ئیسلامدا نەهی لە مەی کراوە. نابێت موسڵمان مەی بخواتەوە. خوای بەرزو بێ هاوتا لە قورئانە پیرۆزەکەیدا دەفەرموویێت: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ [المائدة: ٩٠].

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، دڵنیابن کە ئەرەق و قومار و ئەو بەردانەی کە کراون بەبت و ئەو پارچە دارانەی کە بەکاردەهێنرێن بۆ دیاری کردنی بەش و چارەنوس، پیسن و لە کرداری شەیتانن، کەواتە دوور بکەونەوە لێیان‌و خۆتانی لێ بپارێزن، بەڵکو ڕزگار و سەرفراز بن. بێگومان ئایەت و فەرمودەی پێغەمبەرمان (د.خ) لەسەر خراپی و حەرامی مەی زۆرە، بەلام هەر بەو ئایەتە قورئانییەی کە ئاماژەمان پێکرد کۆتایی پێدەهێنین. لە ولاتانی ڕۆژئاوا خواردنەوەی مەیی کارێکی ئاسایی و ڕێپێدراوە، دەبینین شکۆ خۆی و خێزانەکەی وەک دوو پەناهەندی ڕۆژهەلاتی بە بەرچاوی یەکترەوە مەیی دەخۆنەوە و وەک ڕۆژئاواییەکان ڕەفتار دەکەن و خۆیان دەنوێننەوە، هەروەک دەڵێت: (( زۆر

لەمێژ بوو لەگەڵ هاوسەرەکەم بەیەکەوە لە هۆتێل نەمابووینەوە ئەو گەشتەمان بە سەر لە نوێ چوونەوە مانگی هەنگوین تەماشا دەکرد، سەعات دوازدەی شەو بوو، کە فڕۆکەکەمان فڕی دوای ئەوەی چووە قووڵایی ئاسمان و پشتێندی سەلامەتیمان کردەوە بە گەرموگوڕییەکی بەرچاو پێکی براندیان پێشکەش بە سەرنشینەکان کرد ئەوە یەکەم جارە ئەو جۆرە میوانداریییە لەناو فڕۆکە ببینم پەری زۆر بە کەمی مەی دەخواتەوە، بەڵام ئەو پێکەکەی خۆی پێش من تەواو کرد)) (بەرزنجی، ٢٠١٨: ٢٤٨). لێرەدا هەم شکۆ و هەم پەری خێزانی وەک دوو کارەکتەری ڕۆژئاوای خۆیان دەنوێننەوە و مەی دەخۆنەوە.

## ئەنجامەکان

١. کارەکتەری پەناهەندە لەم چەند نموونەیەی ڕۆمانی کوردی، بەردەوام پەیوەستە بە ناسنامەی خۆی و نایەوێت خۆی لێ داببڕێت، سەرەڕای بوونی جیاوازیی بەرگری لەو ناسنامەیە دەکات.

٢. ڕەهەندەکانی ناسنامە و جیاوازی کاریگەری قووڵیان لەسەر دەروونی کارەکتەرەکان هەیە، ئەم کاریگەرییانە ڕەنگدانەوەیان لەسەر بیرکردنەوە و تێڕوانین و ژیانیان هەیە. تەنانەت تووشی جۆرێک لە کاردانەوەیان بەرانبەر ئەوانی تر دەکەن.

٣- بە هۆی جیاوازییەوە بەریەککەوتنی کولتووری و فەرهەنگی و ناسنامەیی دروست دەبێت، لەم ڕۆمانە کوردییانەدا ئەم بەریەککەوتنە بە ئاشکرا دیارە و کارەساتی دڵتەزێنی لێ کەوتۆتەوە، وەک کوشتنی ژن.

٤- لە هەندێک لە ڕۆمانەکاندا ناسنامە و جیاوازی دەبێتە هۆی ئەوەی کارەکتەر بە دوای خودی خۆیدا بگەڕێت، بەمەش خودێکی تازە لە دایک دەبێت. بە واتایەکی تر ئەو خودەی لە وڵاتی خۆی چەپاندوویەتی لەوێدا ئازاد دەبێت.

## سەرچاوەکان:


-قورئانی پیرۆز

-ئەحمەدزادە، هاشم(٢٠١٢)، زمان، ئەدەب و ناسنامە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

-عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) (١٣٧٦)، هەنبانە بۆرینە، انتشارات سروش، چاپی دووەم، تهران.

-عەلیزادە، خالید (١٣٩٤)، لێبوردەی و جیاوازی (کۆمەڵە وتار) چاپی یەکەم، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار، سەقز.

-بەرزنجی، جەلال (٢٠١٨)، دواوێستگەم باکوورە،ماڵی وەفایی.

-پیربال، فەرهاد (٢٠٠٢)، سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا، بڵاوکراوەی ئاراس چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.

-پیربال، فەرهاد (٢٠١٠)، هۆتێل ئەورووپا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

-پیربال، فەرهاد (٢٠٠٥)، پیاوێکی شەپقەڕەشی پاڵتۆڕەشی پێڵاوشین، چاپخانەی شڤان.

-حەسەن، شێرزاد (٢٠١٥)، دوا شەوی دابەزینی عیسا، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، تاران.

-قادر، هیوا ) ٢٠٢١ ا)منداڵانی گەرەک، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی چوارەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

-قەفتان، ئارام (٢٠١٨)، وەهمی دونیایەکی تر، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

-مەحەمەد، عەتا (٢٠١٨)، هەنار و فریشتەی مردن (ڕاپۆرتێک لەبارەی مەحوییەوە) چاپخانەی ئەندێشە، چاپی یەکەم، سلێمانی.

-مەسیفی، دیدار (٢٠١٥)، ئیلشا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

-نەهایی، عەتا (٢٠١٨) گرێوی بەختی هەڵاڵە، چاپخانەی ئەندرێشە، چاپی سێیەم، سلێمانی.

-ئەحمەد، گەشبیر (٢٠١٩)، بۆنی دایک (بەرگی دووەم کتێبی نزاکانی دایکم) چاپی یەکەم، هەولێر.

-ئەنوەر ،کەیوان ئازاد (٢٠١١)، نەریتەکانی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

ڕۆژنامە و گۆڤار

-فۆکۆیاما، فرانسیس، و/ دڵشاد میران (٢٠١٩)، ناسنامە، داواکارییەکانی شکۆ و سیاسەتی نیگەرانی، گۆڤاری گوڵان، هەولێر.

-ڕەحمانی، سۆما(٢٠٢٠)، پەیوەندی نێوان کولتوور و ئایین و گرنگایەتییان بۆ ناسینی کۆمەڵگای کوردەواری، زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان (٩٩)، سلێمانی.

پێگەی ئەلیکترۆنی

-https://ahmadkaka.org/Babet/323?fbclid

-https://jinhaagency1.com/so/zhyan/gh-42237

**الهوية والاختلاف مع نماذج من عدة روايات كردية**

**محمد احمد حسن**
قسم اللغة الكورديه، كلية التربية /شقلاوه، جامعة صلاحالدين– اربيل، اقليم كردستان، العراق
mohammed.hasan@su.edu.krd

**هاوكار قادر رسول**
قسم اللغة الكورديه"كلية التربية الأساس، جامعة رابرين– رانيه، اقليم كردستان، العراق
hawkar.qadir@uor.edu.krd

**الملخص**
الهوية والاختلاف مفهومان يتعاملان مع التعبير عن هوية الشخصية واختلافها، وكيف تظهر الشخصية عندما تتعرض لهويات وثقافات أخرى. إن بحثنا يدور حول شخصية اللاجئين، أي أن الروايات الكردية عن اللاجئين تؤخذ كأمثلة هنا. ومن الواضح أن شخصية اللاجئ ترغب باستمرار في الحفاظ على هويته، ولكن عندما يواجه الهوية المختلفة للآخر، فإنه يثبت هويته. وقد يكون هذا الإثبات والتصرف مباشرًا أو غير مباشر.
يتناول هذا البحث تمثيل الشخصيات اللاجئة وخاصة في الروايات الكردية. تحاول شخصية اللاجئ في مكان مختلف بذل قصارى جهدها حتى لا تضيع. المشكلة الأساسية في هذه الدراسة إذن هي مشكلة الهوية، لأن الهوية تصبح نقطة الاختلاف بين شخصية اللاجئ وغيره. وبهذه الطريقة نريد إظهار الصراع بين شخصية اللاجئ والآخر من أجل تقديم هوية الطرفين.
**الكلمات المفتاحية:** الهوية، الاختلاف، الرواية الكردية، الشخصية، اللاجئ

**Identity and Difference, with Examples of Several Kurdish Novels**

**Mohammed Ahmed Hasan**
Department of Kurdish Language, College of Education/ Shaqlawa, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
mohammed.hasan@su.edu.krd

**Hawkar Qadir Rasul**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Raperin University, Ranya, Kurdistan Region, Iraq
hawkar.qadir@uor.edu.krd

**Abstract**
Identity and difference are two concepts that deal with the expression of a character's identity and difference, how a character manifests himself when exposed to other identities and cultures. Our research is working on the character of refugees, i.e., Kurdish novels about refugees are taken as examples here. Obviously, the refugee character constantly wants to preserve his identity, yet when he encounters the different identity of the other, he proves his identity. That proof and acting may be direct or indirect.
This research works on the representation of refugee characters, especially in Kurdish novels. The refugee character in a different space tries his best not to get lost. The main problem in this study, then, is the problem of identity, because identity becomes the point of difference between the character of the refugee and others. In this way, we want to show the conflict between the character of the refugee and the other in order to present the identity of both sides.
**Keywords:** Identity, Difference, Kurdish Novel, Character, Refugee